## مستەفا پاشا یامولکی(١٨٦٦-١٩٣٦)

## چالاکیی سیاسیو کەلتوریی

محەمەد سالح تەیب سادق
کۆلێجی ئادابی زانکۆی دهۆك

مستەفا پاشا یامولکی یەکێکە لەو ئەفسەرە کوردانەی کە لەئەکادیمیای جەنگیی ئیستانبول دەر چونو پاشان چونە ریزی سوپای عوسمانییەوەو بەوپەڕی دلسۆزیو لەخۆبوردوییی یەوە ئەرکی سوپایی خۆیان تێدا جێبەجێ کرد. یامولکیو هاوەڵەکانی[1] بەو رۆژگارە گەیشتن کەتێیدا پارتی ئیتتیحادو تەرەقی لە ساڵی ١٩٠٨دا کودەتای لەدژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦-١٩٠٩) کردو لەنزیکەوە سیاسەتی تورکاندنیان بینی کەئیتتیحادییەکان لەدژی گەلانی غەیرە تورکی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەوییان کرد وەك لەدژی کوردو عەرەبو ئەرمەنەکانو هەروەها گەلانی بالکان. هەروەها ئەو ئەفسەرانە فریای رووداوەکانی ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ی جەنگی دووەمی جیهانیش کەوتنو ئەوەشیان بینی کەدەوڵەتی عوسمانی شانبەشانی ئەڵمانیاو ئیمپراتۆریەتی نەمسا- مەجەر لەدژی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان(ئینگەلتەرە، فەرەنساو روسیای قەیسەری)جەنگاوە. ئەو جەنگە بەزینو رووخانی دەوڵەتی عوسمانیی لێکەوتەوەو لەئاکامدا لە٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا خۆی بەدەستەوەداو لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا ئاگربڕی مودرۆسی ئیمزا کرد[2]. گومان لەوەدا نیە کە ئەم رووداوانە کاریان کردۆتە سەر ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عوسمانیو بۆتە مایەی گەشەکردنی هەستی نەتەوەییان کەئەمەش لەو رۆڵە نەتەوەییە پێشەنگەدا رەنگی داوە کە ئەو ئەفسەرانە جێبەجێیان کردوە. بەم شێوەیە، ئەم ئەفسەرانە لەبوارە سیاسیو کارگێڕیو کەلتورییەکاندا ئاسەواری خۆیان لەسەر مێژووی هاوچەرخی کورددا بەجێ هێشت[3].

مستەفا پاشا خۆشبەختانە کابرایەکی وەجاخ روون بوو و کوڕێکی رێکوپێکی هەبوو کە کەلەپوری بنەماڵەی پاراستو روی کردە رۆشنبیریو نوسین. ئەم کوڕە، عەبدولعەزیز، لەبواری نوسینو هەروەها لەبواری شیعردا، وەکو باوکی، کەسێکی بەتواناو بەهرەوەر بوو[4].

عەبدولعەزیز یامولکی، بەتێروتەسەلی، سەبارەت بەژیانو هەڵسوڕانی باوکیی نوسیو لەم سەروبەندەدا چووە سەر تۆمارکردنی دیرۆکی بنەماڵەی دایکی کەبنەماڵەی خەندانە[5]. هەروەها مێژوونوسی کورد، محەمەد ئەمین زەکی، ژیانی مستەفا یامولکیی تۆمار کرد[6]و چەند نوسەرێکی تریش باسی رۆڵو چالاکییەکانیان کردوە[7].

### یەکەم: ژیانی یامولکی

مستەفای کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی مستەفا سەر بەعەشیرەتی بڵباسەو هەروەها دەچێتەوە سەر داپیرەی خۆی یامولکی خانم کەمشورخۆری پەروەردەکردنی منداڵەکانی بنەماڵەکە بوو کە لەنێویان دا عەبدولعەزیزی باوکی مستەفا پاشا بوو. یامولکی خانم ژنێکی بەهەیبەت و ناسراو بوو لەسلێمانی دا، بۆیە ناوبانگێکی باشی پەیدا کردو بەهۆی ئەمەوە بنەماڵەی مێردەکەی بەناوی ئەوەوە ناسرانو نازناوی یامولکییان هەڵگرت[8]. دیارە ئەمەش لەکوردەواریدا شتێکی باشو ئاساییەو چەندەها کەس بەناوی دایکیانەوە دەناسرێن. ئەمەش رەنگدانەوەی رۆڵی ئافرەتە لەکۆمەڵدا کەهەندێ جار لەڕۆڵی پیاو زیاتر رۆڵی دیاری دەبێ.

مستەفا پاشا یامولکی لەدایکبووی ساڵی ١٨٦٦ای شاری سلێمانییە. لە سەر دە ستی مەلا فەتاحو عیرفان ئەفە ندی لەمز گەوتی سەید حە سەن خوێندو یەتیو پاش ئەوەی خوێ ندنی سەرەتایی لە سلێمانیدا تەواو کرد، روی کردە بە غدا بۆ تەواوکردنی خوێندنی لەئامادەیی سوپایی رو شدیەو لەم بوارەدا پێشکەوتنی باشی بەدەست هێناو لەسەرجەمی ٢٨٥نمرە ٢٨٠ نمرەی بەدەست هێنا[٩].

پاشان ئەم لاوە کوردە خوێن گەرمە روی کردە ئیستانبوڵو لە٨ی ئابی ساڵی ١٨٨٣دا چوە ئەکادیمیای جەنگیو لە٨ی تەموزی ١٨٨٦دا دەرچوو و لەم بوارەدا لە سەرجەمی ١٥٠ نمرە ١٤٦ نمرەی بەدە ست هێ ناو زۆری پێ نەچوو لە١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨٦دا پلەی بەرز کرایەوەو بوو بەمولازمی یەکەم[١٠].

لەساڵی ١٨٨٨دا مەستەفا پا شا کچی حەسێن پا شای خە ندان[١١]، سەفیە خانی هێ نا ئەویش پاش ئەوەی لەئیستانبول چەند جار یك داوای کرد[١٢]. ئەم خوازبێنی یە قازانجی بۆ مەستەفا پا شا هەبو چونکە بەهۆیەوە پشتیوانێکی بۆ خۆی لەدەرباری سوڵتان دا پەیداکرد. بێگو مان ئە مەش وای کرد ز یاتر بڕوای بەخۆی هەبێو زیاتر بەهرەکانی خۆی بخاتە خزمەتی سوپای عوسمانییەوە.

مستەفا پاشا لەسوپادا پلە بەپلە بەرز بۆوەو لەدواییشدا پلە بەرزەکانی بەدە ست هێ نا. لەئیستانبول داخیلی خولی ئەرکان بوو و لە١٨ی مایسی ١٨٨٨دا بەپلەی نەقیب دەر چو. پا شان لە٢٩ی تشرینی یە کەمی ساڵی ١٨٨٩دا کرایە قول ئاغا غاسی وا تە رائیدی رو کن ئەویش پاش ئەوەی کە لە سەرۆکایەتیی گشتیی ستاددا خزمەتی کردو بەشداریی لەمانۆڕە سوپاییەکانی ناوچەی ئەدرنە کرد. پاشان لەسەر داوای خۆی لەساڵی ١٨٩٠دا گوێزرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەرکانی تیپی حیجازو لەوێ چەند ئەرکێکی ئەندازیاریی پێ سپێردراو لەم بوارەدا کەوتە ئاوەدان کردنەوەی سەرچاوەکانی ئاوی کانیاوی زبێدەو قەڵایەکیشی لەدۆڵی جیاد دروست کرد. ئیدی پاش ئەنجامدانی ئەو ئەرکا نە، رەزامە ندیی شەریفی مەککەی بەدە ست هێ ناو بونە ئا شنای یەکتری. شەریفی مەککە بە چاوی ر ێزو پێزانینەوە روانی یە ئیشەکانیو نو سراوێکی بۆ سوڵتان نوسی تێیدا ستایشی ماندووبونی مستەفا پاشای کرد.

لەکۆتایی ساڵی ١٨٩٠دا گروپێکی جولەکە ویستی بنکەیەك لەنزیك عەقە بە دا بمەزرێنێ بەڵام مەستەفا پا شا دە ستەیەك سەربازی ناردە سەریانو لەوێ دەری کردنو کۆنترۆڵی لێواری رۆژ هەڵاتی کە نداوی عەقەبەو دەریای سوری کردو لەڕوی ئیداریشەوە ناوچەکە بەحیجازەوە بە سترایەوە، لەکاتێکدا ناو چەکە بەر لەوە، سەر بەنفوزی خدێوی میسر بوو. بەهۆی ئەم دەستکەوتە شەوە دەو ڵەتی عو سمانی خەڵاتی کردو وەك پاداشت مەدالیایەکی مەجیدیی پلە چواری پێشکەش کرد[١٣].

لە٢٨ی ئەیلولی ١٨٩٢دا مە ستەفا پا شا کرا یە بینبا شی(واتە مو قەددەم رو کن)و دوا بەدوای ئە مە گوێزرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەرکانی تیپی شەش لەبە غدا بەڵام لەوێ زۆر نەما یەوە چونکە لە ساڵی ١٨٩٣دا رەوا نەی ئ ێران کراو لەوێ پۆ ستی کۆن سوڵی سوپایی پێ بەخ شراو لەم بوارەدا لە شارە کوردن شینەکانی خویو سەلماس کاری کرد. ئن جا دوا تر لەماوەی ن ێوان ١٨٩٣-١٨٩٦دا بەڕێوەبردنی کۆنسوڵخانەی عوسمانیی لەشاری سنەدا سەرپەرشتی کرد نی کارە بازرگانیی یەکانی شاهبەندەرایەتیی پێ سپێردرا[١٤].

مەستەفا پا شا لەئیشەکانیدا لەئێران زۆر سەرکەوتوو بوو و لەژیانی دانیشتواندا رۆڵێکی پۆزەتیڤی نواند. لەم بوارەشدا دو روداو هەن کەڕۆڵی ئەم کابرایە دەردەخەن:

روداوی یە کەم: سەرکەوتوو بوو لەچارە سەرکردنی کێ شەیەك کە لەمز گەوتی شاردا لەنێوان موسڵمانەکاندا رویداو دەستوەردانی لەکێشەکەدا بوە مایەی بڵاوە پێ کردنی نوێژەکەرەکان، بە مەش ر ێی لەخوێن رشتن گرتو توانی خەتیبی مزگەوتەکەی سنەو کوڕەکەی رزگار بکات[١٥].

روداوی دووەم: پاش ئەوەی کوردە سوننەکان هێر شیان کردە سەر سەرای حکو مەت، توانی فر یای پارێزگاری سنە حوسامولولك بکەوێو رز گاری بکات. لەم بوارەدا پارێز گار ها نای بۆ مەستەفا پا شا برد ئەویش بڵاوەی بەو خەڵکا نە کرد کە گەمارۆی سەرای حکو مەتو فەرمانگەکانی دەو ڵەتیان دا بو. هەروەها ژنی ئیحتیشامولولکی کوڕی حیسامولولك، قەمەروسەلتەنەی کچی مزەفەرەددین شاو ژ نی شای بردە ماڵی خۆی، ئەوانەش بۆ ماوەی یەك مانگی رە بەق لەوێ ما نەوەو پا شان لەلا یەن حکو مەتی

عوسمانی یەوە فەرمانی پێ درا کەبیانبا بۆ تاران، ئەویش بە سەلامەتی گەیا ندنی بەتاران. ئیتر شاش مەدالیای شێرو خورشیدی پلە دووی پێ بەخشی‌و جگەلەوە مەدالیایەکی پلە سێی پێشکەش کرد لەپای لێهاتویی‌و شان‌و شەوکەت‌و سەرکەوتنی لەگێڕا نەوەی ئارامی بۆ شەڕی سنەو نەهێشتنی ئاژاوە یەك کەخەریك بوو ببێ بەهۆی تیاچونی کارمەندانی دەوڵەت لەو شارەدا[16].

پاشان مستەفا پاشا لەساڵی ١٨٩٦دا گوێزرایەوە بۆ پۆستی کۆنسوڵی سوپایی لەشاری قارس کەئەوسا سەر بەروسیا بوو. ئیدی لەڕەوتی کارکردنی لەروسیای قەیسەریدا، زۆر زانیاریی سوپایی بە سودی سەبارەت بە سوپای روس بۆ حکو مەتی عو سمانی کۆکردەوەو لە هەمان کاتی شدا ئەرکی کۆن سوڵی بازرگانی شی بەئەنجام گەیاند.

ئیدی لەو ماوەیەدا(١٨٩٨)کرایە کۆلۆنێل(عەقید)و لەساڵی ١٨٩٩دا گوێزرایەوە بۆ بە غداو سەرۆکایەتیی ئەرکانی لەشکری شە شی گر تە دە ست بەڵام لەبە غدا زۆر نەما یەوە چونکە لە ساڵی ١٩٠١دا پاش ئەوەی نامق پا شای وال یی بە غدا(١٨٩٩-١٩٠٢)لە سۆنگەی خۆهەڵقورتا ندنی لەکاروباری ویلایەتە کەدا کەو تە دژایەتی کردنی، گوێزرایەوە بۆ شاری سیواس[17].

مستەفا پاشا لەسۆنگەی ئەو هەمو ئیش‌و ئەرکە زۆرەی لەناوچەی جیاجیاو لەماوە یەکی کەم دا پ‌ێی سپێردرا شارەزایی‌یەکی باشی لەبواری سوپایی‌و ئیداری‌و رۆشنبیریدا پەیدا کردو بەهۆی گورج‌و گۆڵی‌و ئەزمونی زۆرەوە بوو بەکەسێکی شیاو بۆ وەرگرتنی پۆستی پا یە بەرزترو لەم بوارەدا هە ندێ ئەرکی هە ستیاری پێ سپێردرا کەپەیوە ندیی را ستەوخۆی بە سوڵتان‌و بەڕێوەبردنی دەو ڵەتی ناوەندی یەوە هەبوو.

مستەفا پاشا لەساڵی ١٩٠٥دا کرایە جەنراڵ‌و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەئە ندامی کۆمیسیۆنی د یاری کرد نی سنوری نێوان دەوڵەتی عو سمانی‌و ئ‌ێران لەناو چەی سلێمانی هەڵبژێردراو لە ساڵی ١٩٠٨یشدا بە شداریی لەو کۆمیسیۆنەی لێکۆڵینەوەیە کرد کەرەوانەی عیراق کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆکانی ئەو روداوانەی کە لەنێوان مونتەفەك(نا سریە)رویاندا[18]. پاش ئەنجا مدانی کودە تای ٢٣ی تەموزی ١٩٠٨ی حز بی ئیتتیحادو تەرەقی لەدژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، مستەفا پاشا گوێزرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەرکانی تیپی ٢١ لەئەنکەرە[19].

ئیتتیحادییەکان دژی ئەو ئەفسەرە گەورا نە بون کەخۆیان بەدڵسۆزی سوڵتان دەزا نی، بۆ یە لە ساڵی ١٩٠٩دا مستەفا پاشا لەکاتی جوڵانەوەکەی مەحمود شەوکەت پا شادا[20]لەئیستانبول، گیراو بەوە تۆ مەتبار کرا کەلا یەنگری رژێ می دیک تاتۆرە. عەبدول عەزیزی کوڕی م ستەفا پا شا کە ئەویش ئەف سەری سوپای عو سمانی بوو توانی قەنا عەت بەو دە ستەیەی سەربازەکان ب کا کەگرتبوی، بەری بدات. ئەویش گەیاندی‌یە ماڵی خۆی لەئیستانبول. لەساڵی ١٩١٠دا م‌ستەفا پا شا دیسان بۆ سەرکردایەتیی تی‌پی شە شی بەغدا گوێزرایەوەو لەوێ ئەرکی سەرکردایەتی کرد نی بەتالیۆنی تیپی ناوبراوی پێ سپێردراو دوا تر لەساڵی ١٩١١دا گوێزرایەوە بۆ سەرکردایەتیی تیپی سێی ئەرزنجان[21].

کاتێك جەنگی نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و ئیتالیا لە ساڵی ١٩١٢دا بەهۆی هێر شی ئیتالیا بۆ سەر لیبیا هەڵگیرساو لەترسی ئەوەی نەبا ئیتالیا هێرش بکاتە سەر لێوارەکانی تورکیا، م‌ستەفا پا شا سەرکردایەتی کردنی تیپی پێنجی گرتە ئەستۆو پێی راسپێردرا بەرگری لەدەردەنیل بکات. ساڵی ١٩١٣ سەرکردایەتیی تی پی ٢٧ی بەیروتی گر تە دە ست‌و لە جەنگی بال‌کان دا سەرکردایەتیی ئەو تی پەی کردو لەدیارترین شەڕەکاندا بەشداریی کرد. پاش ئاگربڕ چوە ناو شاری ئەدرنەو چوە پاڵ ئەو ئەفسەرە تورکا نەی کە لەو جەنگەدا بە شدارییان کرد بوو. لەئەدر نە وال یی شارەکە عو مەر ناجی قسەی بۆ ئەف‌سەرو سەربازەکان کردو بەشان‌و باڵی ئازایەتیی سەربازە تورکەکانی هەڵداو هیچ ئاماژەیەکیشی بۆ رۆ ڵی سەربازو ئەف‌سەرە کوردو عەرە بەکان نەکردو تەنا نەت لەوتارەکە یدا دە ستەواژەی عوسمانی شی بەکار نەهێنا چونکە دەستەواژەی عو سمانی هەمو رە گەزەکانی دەگر تەوە، بۆ یە م‌ستەفا پا شا بەئا شکرا ناڕەزایی دەر بڕی‌و ئە مەش بوە ما یەی توڕە بونی ئیتتیحادی یەکان بەتای‌بەتی سەرۆکی ئەرکان ئەنوەر پا شا. ئ‌یدی پاش

ئەوەی ئەنوەر پاشا کودەتای لەدژی پارتی دەسەڵاتداری ئازادی‌و هاو پەیمانی[22] ئەنجا مدا، دە سەڵات دی سان لەساڵی ١٩١٣ کەوتەوە دەست ئیتتیحادو تەرەقی‌و ئەنوەر پا شاش وەزارە تی جەنگی گر تە دە ست‌و کەو تە خانەنشین کردنی گەورە ئەفسەرە عوسمانییە دێرینەکان لەوانە مستەفا پاشا[23].

لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا(١٩١٤-١٩١٨)مستەفا پاشا لەئیستانبول بوو. پاش برِا نەوەی جەنگە کەو بەزینی دەو ڵەتی عو سمانی‌و خۆبەدە ستەوەدانی‌و سەرکەوتنی دەو ڵەتانی هاو پەیمان، ئۆباڵە کە کەو تە ئە ستۆی ئیتتیحادی یەکان. پا شان مە ستەفا پا شا دی سان ر ێزی لێ گیرا یەوەو حکو مەتی تۆف یق پا شا گەرِاندی‌یەوە بۆ خزمەت‌و ئەو ماوەیەش کەخانەنشین کرا بوو تیا یدا، بۆ خز مەت‌و بەرزکرد نەوەی پلە بۆی حیساب کرا.

لەکۆتایی‌ی ساڵی ١٩١٨ مستەفا پاشا بوو بەئەندام لەدادگای سوپایی‌ی ئی ستانبول. ئەرکی ئەو دادگا یە لێپر سینەوە بوو لەو ئیتتیحادییا نەی کەتاوانی جەنگ‌و جنێو سایدیان لەدژی گەلی ئەر مەن ئەنجام دابوو[24]. لەساڵی ١٩١٩دا کاتێك دا ماد[25] فەر ید پا شا سەرۆکایەتیی حکو مەتی گر تە دە ست، مە ستەفا پا شای راسپارد ویلایەتی بروسە بەرِێوە بەرێ بەڵام زۆری پێ نەچوو ویلایەتەکەی بەجێ هێشت‌و گەرِا یەوە بۆ پایتەخت ئەویش لەبەر هەڵسورِانی لایەنگرانی بزوتنەوەی کەمالی کەدژی حکومەتی سوڵتانی ئی ستانبول کاریان دەکرد[26].

لە١٠ی نی سانی ١٩٢٠دا فەرمانێکی شاهانە دەر چوو کە بەهۆ یەوە سەرۆکایەتیی داد گای سوپایی‌ی یەکەمی ئیستانبول بەمستەفا پاشا سپێردرا بەمەبەستی دادگایی کرد نی ئاژاوە چی‌یەکان کەلا یەنگیریان لەمستەفا کەمال دەکرد. ئەم دادگایە بەبێ دودڵی حوکمی خۆی داو یەکێ لەو حوکما نە حوکمی ئیعدام کرد نی غ یابی‌ی مە ستەفا کەمال بوو لە٢٠ی ئا یاری ١٩٢٠دا. هەر هەمان ئەو دادگا یەش بوو کەحوکمی ئیعدام کردنی چەندین کە سی دەر کرد وەك فەرما ندەی بەتالیۆن فو ئاد پا شا، جەنرال مە ستەفا فەوزی پاشا، حسێن رەووف بەگ‌و هی تر[27].

لەئاخرو ئۆخریی ساڵی ١٩٢٠دا حکومەتی داماد فەرید پاشا هەرەسی هێ ناو تۆف یق پا شا سەرۆکایەتیی حکومەتی گرتە دەست‌و مەیلێکی زۆری بەلای کەمالیستەکاندا نی شاندا، بۆ یە فەرمانی گرتنی مە ستەفا پاشای دەرکردو دای بەدادگا بەڵام دواتر لە٦ی شوباتی ١٩٢١دا بە فەرمانی سوڵتان ئازاد کرا ئەویش پاش دەستێوەردانی ئینگلتەرە لەرِێی مەندوبە سامی‌یەکەوە لەئیستانبول[28].

پاش پەرەسەندنی چالاکیی کەمالیستەکان‌و دەرکەوتنی رۆڵە سیاسییە کاراکەیان بەتایبەتی کەمە ستەفا پا شا حوکمی غ یابیی ئیعدام کرد نی مە ستەفا کەمالی دەرکرد بوو، ئ یدی مە ستەفا پا شا چیتر نەیتوانی لەئی ستانبول دا بمێنێ تەوە، بۆ یە برِیار ی‌دا بگەرِێ تەوە بۆ ز ێدی خۆی، ئەوە بوو لە تەموزی ١٩٢١دا ئیستانبولی بەجێ هێشت‌و لە٤ی تشرینی یەکەم دا لەرِێی عیراقەوە گەیشتە سلێمانی[29].

بەپێی دۆکۆمێنـ تە بریتانی یەکان، بریتان یا یار مەتیی مە ستەفا پا شای داو مە سەلەی گەرِا نەوەی بۆ سلێمانی مەیسەر کرد بەو ئومێدەی کەبتوانی سودی لێ وەربگرێ بۆ بەدی هێنانی ئاما نجە سیا سییەکانی بریتانیا چونکە بریتانیا دژایەتیی ئامانجەکانی ناسیونالیستانی تورکی دە کرد. مە ستەفا پا شا رازی نەبوو بەتاقی تەنیا بگەرِێ تەوە سلێمانی‌و داوای لەکاربەدە ستانی بریتان یا کرد بەیاوەریی ئەف سەرە سلێمانی‌یەکانی تری ئی ستانبول بگەرِێ تەوە بەڵام کاربەدە ستانی بریتان یا ئاواتە کەیان نەهێنا یە دی‌و ئەویش بەناچارییەوە بەتاقی تەنیا گەرِایەوە چونکە دەترسا کەمالیستەکان بیکوژن بەتای بەتی کەناویان نابو مستەفا نەمرود[30].

مستەفا پاشا تا ساڵی ١٩٢٣ لە سلێمانی ما یەوەو بە شداریی لەژیانی سیا سی‌و رۆ شنبیریی کورددا کردو کوردی بۆ هەڵسانەوەو پێشکەوتن‌و کەوتنە گەرِ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك بەکۆمەکی ئینگلیز بانگهێ شت کرد بەڵام رەوتی روداوەکان لەسلێمانی‌و بۆردومان کردنی شار لەئازاری ساڵی ١٩٢٣دا لەلا یەن فرِۆ کەکانی بریتانیاوەو ترسی لەوەی کەتورکە کەمالیستەکان بەدیلی بگرن، هەمو ئەما نە هانـ یان دا سلێمانی بەجێ

بهێڵێو بچێ لەبەغدا نیشتەجێ ببێ، ئیتر تا ئەو رۆژەی لە٢٥ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٦دا مرد، هەر لەوێ مایەوە[٣١].

لەنێو کوڕەکانی مستەفا پاشادا عەبدولعەزیز ناوی دەرکردو لەنێو کچەکانیدا زەهرا زەرین تاج‌و ئەنجوم ئەسما خان[٣٢] کەئەندامێکی چوست‌و چالاك بوو[٣٣]لەکۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد[٣٤]. بەمەش دەردەکەوێ کەمستەفا پاشاو بنەماڵەکەی بەشداریی کاریگەریان کردووە لەبزوتنەوەی رابونی کوردایەتیدا[٣٥]

**دووەم: چالاکییە سیاسییەکانی**

مستەفا پاشا لەوەتی لەئاکادیمیای سوپایی ئیستانبول دەرچوو بوو و تاکۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی لەساڵی ١٩١٨دا، هیچ مەیلێکی سیاسیی رونی نەبوو. لەبەر ئەوەش کەزاوای حسێن پاشای خەندان بوو کەزۆر لەسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە نزیك بوو، مستەفا پاشا لەسەر رژێم حیساب کرا. لەڕاستیدا مستەفا پاشا وەفاداری سوڵتان بوو و بەدڵسۆزیشەوە خزمەتی دەوڵەتی کردوە.

پاش ئەوەی ئیتتیحادییەکان لەئیستانبول لەساڵی ١٩٠٨دا دەسەڵاتیان گرتەدەست، هەڵوێستی مستەفا پاشا لەلای سەرانی ئیتتیحادو تەرەقی هەڵوێستێکی ئاشکرا بوو و دەیانزانی ئەم کابرایە پشتگیری لەسوڵتان دەکا، بۆیە بەگومانەوە سەیریان دەکرد بەتایبەتی کەمستەفا پاشا بەئاشکرا بێزاریی خۆی لەئامانجە تورکیستییەکانی ئیتتیحادییەکان دەردەبڕی‌و رژێمی سوڵتانی بەلاوە باشتر بوو و وای بۆ دەچوو کە ئەو رژێمە بەچاوێکی یەکسانەوە سەیری تورك‌و کوردو عەرەبی کردوە ئەگەرچی ئەو یەکسانییە شتێکی تیۆریکی بوو.

ئەگەرچی لەساڵی ١٩٠٨دا شێخ عەبدولقادر نەهری‌و ئەمین عالی بەدرخان لەئیستانبول کۆمەڵەی تەعالی‌و تەرەقیی کوردیان دروست کردو[٣٦] چەندەها روناکبیری کورد بونە ئەندام تێیدا، بەڵام مستەفا پاشا نەچوە ریزی ئەم کۆمەڵەیەوە. گومان لەوەدا نیە کەمستەفا پاشا ئەم کۆمەڵەیەی بەدەرهاوێشتەی کودەتای ئیتتیحادو تەرەقی دادەناو لەبەر ئەوەی دژایەتیی سیاسەتی ئیتتیحادییەکانی دەکرد، بوو بەلایەنگری پارتی ئازادی‌و ئیئتیلاف کە بەرکابەری ئیتتیحادییەکان دەژمێردرا.

هەستی کوردایەتی لەلای مستەفا پاشا پاش بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان‌و بەزینی دەوڵەتی عوسمانی گەڵاڵە بوو، بۆیە لەساڵی ١٩١٨دا چوە ریزی کومەڵەی تەعالیی کوردستان بەسەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادر نەهری. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە ئامانجیان بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا[٣٧]. دیارە دەوری مستەفا پاشا لەو کۆمەڵەیەدا دەورێکی کاریگەر نەبوە.

بەپێی دۆکۆمێنتە بریتانییەکان، مستەفا پاشا لەساڵی ١٩٢١ پەیوەندیی لەگەڵ یۆنانەکاندا هەبوە، بەڵام ئەو دۆکۆمێنتانە بەگومانەوە باسی ئەوە دەکەن کەمستەفا پاشا لێی رادەبینرێ پەیوەندیی لەگەڵدا دابمەزرێ بەو جۆرەی کەخزمەت بەبەرژەوەندییەکانی بریتانیا بکات چونکە ناوبراو کەسێکی نهێنی پارێز نەبوەو هەروەها ئەو دۆکۆمێنتانە باسی ئەوەیان کردوە کەئەستەمە مستەفا پاشا بتوانێ قەناعەت بەکورد بکات بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ یۆنانەکاندا[٣٨] .

لەساڵی ١٩١٩دا مستەفا پاشا هەڵوێستێکی نەتەوەیی رونی دەرخست کاتێك هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ محەمەد نوری دێرسیمی‌و هەڤاڵەکانیدا دەربڕی کەبەتۆمەتی دابەشکردنی چەك‌و تفاق بەسەر کوردەکانی ئیستانبولدا درانە دادگای سوپایی. مستەفا پاشا سەرۆکی دادگای سوپایی بوو، ئیدی ئازادی کردن[٣٩]. بەپێی یاداشتەکانی قەدری جەمیل پاشا[٤٠]، مستەفا پاشا ئەندامی کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی[٤١] بوو لەئیستانبول. ئەو کۆمەڵەیەش لەساڵی ١٩٢٠دا ویستی وەفدێکی پێکهاتوو لەخەلیل رامی بەگ بەدرخان‌و مستەفا پاشا یامولکی‌و کەمال فەوزی‌و رفعەت بەگ بۆ عیراق بنێرێت بۆ ئەوەی لەوێوە بگەنە باکوری کوردستان بەڵام ئینگلیزەکان لێ نەگەڕان سەفەر بکەن‌و تەنها رێیان بەمستەفا پاشادا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. دۆکۆمێنتێکی بریتانی قسەکانی قەدری جەمیل پاشا ساغ دەکاتەوە کاتێك ئاماژە بەوە دەکات کەمستەفا پاشا داوای لەبریتانیا کرد بوو هەندێ ئەفسەر لەگەڵ خۆیدا بباتەوە بۆ سلێمانی لەکاتی

گەڕانەوەیدا[42]. دیارە کۆمەڵەی کۆمەلأیەتی مەبە ستی بووە ئەو ئەندا مە ئەفسەرانە بگەیەنێتە باکوری کوردستان لەرێگەی عیراقەوە بۆ ئەنجامدانی جوڵانەوەیەك لەدژی کەمالیستەکان کەکەوتبوو نە دژا یەتی کرد نی کوردا یەتی‌و لە ساڵی ١٩١٩دا بە سوپا هێر شیان کرد بوە سەر گردبونەوە یەکی نە تەوەیی کورد لەشاری مەلاتیە بۆ رێنەدان بەبنەماڵەی بەدرخان بۆ دامەزراندنی کورد ستانێکی سەربەخۆ بەهاوکاری‌و کۆمەکی مێژەر نوئێلی[43] دۆستی ئینگلیزیان.

١-دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردستان

ئاماژەمان بەوە دا کەئینگلیزەکان یار مەتیی مـستەفا پا شایان داو هانی‌شیاندا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی ئەویش پاش تەشەنە سەندنی دەسەڵات‌و نفوزی ناسیۆنالیستە تورکەکان‌و پاش ئەوەی مە سەلەی دە ست گرتن یان بە سەر تەواوی تورک یادا بوو بەمە سەلەی کات. ئینگلیزە کان دەتر سان ئەم ئەف سەرە کوردە بەر چاوە بەدە ستی کەمالیستەکان بـکورژێ، بۆ یە یار مەتییان دا بۆ گەڕا نەوە بۆ ز ێدی خۆی چونکە ناوبراو کاتێك سەرۆکی داد گای سوپایی بوو لەئیستانبول حوکمی قور سی لەدژی هەوادارانی مـستەفا کەمال دەرکرد بوو و تەنا نەت حوکمێکی غیابیشی بەئیعدام لەدژی خودی مـستەفا کەمال دەرکرد بوو، بۆیە کەمالیستەکان ناویان نابوو نەمرودو بەهەر نرخێك بێ دەیانویست بیکوژن[44].

هەر کەمـستەفا پا شا لە٤ی تـشرینی یە کەمی ساڵی ١٩٢١ گەیشتە سلێمانی، دە ستی کرد بەپەیوە ندی دامەزراندن لەگەڵ روناکبیرانی شارەکەداو سەبارەت بەدرو ست کرد نی رێکخراوێکی سیا سی راو ێژی پێ کردن. ئەو رێکخراوەشی بۆ ئەوە بوو کەهۆشیاریی نەتەوەیی بلأو بکاتەوەو گەل هان بدات بۆ خەبات بۆ بەدەست هێنانی مافەکان‌و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. مـستەفا پا شا لە سەر هەوادارانی سوڵتان حیـ ساب دە کراو بیرو بۆچونەکانیـ شی بیروبۆ چونی پارێزگارا نە بون بەڵام زۆر ر قی لەبزوتـ نەوەی نەتەوەیی تورك بوو(واتە بزوتنەوەی کەمالیست)بۆیە ئەویش هەڵوێستی سیاسیی جارانی خۆی گۆڕی‌و چوە سەر بیری کوردایەتی‌و بانگەشەکردن بۆ پێشکەوتن‌و رزگاربون‌و سەربەخۆیی کورد.

رەفیق حیلمی ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کەمـستەفا پا شا لە سلێمانیدا زۆر خۆشەویـست نەبوو چونکە لەلایەك هەوادارانی تور کە عوسمانیـ یەکان رقـ یان لێ دە بۆوەو بەنۆ کەری ئینگلیز یان دادە ناو پێ یان وا بو ئینگلا یز بۆ ئەوە هێناویانە تە سلێمانی تاکو کۆمەڵە یەکی سیا سی بۆ خز مەت کرد نی مەرا مەکانیان دروست بکات‌و لەلایەکی ترەوە رەهەندی ئاینیی پارێزگاریش ر قی لێ دە بۆوە چونکە مـستەفا پا شا دژی خورافاتی ئاینی بوو و دژی ئەو مەلا توندڕەوا نە[45] بوو کەپـشتگیریی حوکمڕانیی تورکـیان دە کرد گوا یە تورك برای کوردەو خەڵکیان لەسۆنگەی ئاینیەوە هان دەدا دژی ئینگلیز بوەستنەوە.

لە گەڵ ئەوە شدا بەپێی ئەوەی کەرەفیق حیلـ می با سی کردوە، مـستەفا پا شا رێزێـ کی با شی لەلای چەندین کورد پەیدا کردبوو ئەویش بەهۆی هەڵوێـستیەوە لەپـشتگیری کرد نی کورد لەکاتی خز مەتی پێ شوی لە سەردەمی عوسماڼ یدا، بەتایـ بەتی کە لەکاتی تەنگا نەدا خـ ێرا فر یای هاوڕە گەزەکانی خۆی دەکەوت تا وای لێ هات کە لەلای خەڵکی دا بەم خە سڵەتە ناو بانگی دەر کرد، بۆ یە زۆر کەس رێز یان لێ گرت‌و پێ یان خۆش بوو کە چۆتە سلێمانی‌و لەو بڕوا یەدا بوو کەکابرایە کە گو نجاوە بۆ وەرگرتـ نی پۆستێکی بەرز لەنێو کورددا بۆ خزمەت کردنی گەلەکەی[46].

پێدەچێ رەفیق حیلمی بەشێوەیەك باسی مستەفا پا شای کردوە کەهە ست دە کرێ پلاری تێ دە گرێ ئەگەرچی مستەفا پاشا کاریگەرییەکی با شی لە سەر گۆڕینی رەو تی بیرکرد نەوەی رەفـیق حیلـ می هەبو. بەر لەوەی مستەفا پاشا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، رەفیق حیلمی لەشاری کەرکوك بوو و چەند وتارێکیـ شی لەرۆژنامەی((نەجمە))بلأو کردبۆوە. ئەم رۆژنامەیە بەزمانی تورکی لە کەرکوك دەردە چوو و ناونیـ شانی وتارە کانیش بریـ تی بوو لە(( شەرق ناپلیۆنی مـستەفا کەمال)). د یارە هەر لەخوێند نەوەی ناونیـ شانی وتارەکان دەردەکەوێ کەرەفیق حیلمی موعجیب بوە بەمـستەفا پا شا. ئەو وتارا نە بو نە هۆی بێزار بونی مـستەفا پا شا بۆ یە ئەویش بۆ دورخـ ستنەوەی رەفـ یق حیلـ می لەو رۆژنامە یەو رز گارکردنی لەبیری شۆڤێنی تورکیستی رۆژنامەکە، خۆی لێ نزیك کردەوەو راستی مستەفا کەمال‌و ئامانجە نەتەوەیی یە

تورکیستی‌یەکانی تێگەیاندو بۆی رون کردەوە کەئەم کابرایە دژی کوردەو توانی قەناعەتی پێ بکات تاکو لەو رۆژنامە تورکی‌یە دور بکەوێتەوەو تواناو وزەی خۆی بۆ خزمەت کرد نی گەلەکەی تەرخان بکاتو پێکەوە کار بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەك بەزمانی کوردی بکەن[47].

کۆمەڵەی کوردستان گرنگی یەکی زۆری هەیە چونکە یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی ئاشکرایە کە لەکوردستانی باشوردا بەڕەزامەندیی ئینگلیز دەربچێت[48]. مستەفا پاشا بەئاگاداریو هاندانی کاربەدەستە بریتانی یەکان کەوتە پەیوەندی کردن بەژمارەیەك لە گەورە ناودارانو سەرەك خێڵەکانی ناوچەی سلێمانی لەوانە رۆشنبیرانی شارەکە. دیارە بریتانی‌یەکان پێیان خۆش بووە کوردەکان ببنە ئەندام لەکۆمەڵەیەکی سیاسیی ئاشکرادا کەپشتیوانی لەمانەوەی بریتانیا دەکاو بەبەرچاوی خۆیانەوە داوای مافە نەتەوەیی‌یەکانی کورد دەکا بۆ ئەوەی ئەوانە نەچنە ریزی کۆمەڵەی سیاسیی ئانتی بریتانیاییو پشتیوانی بزوتنەوەی کەمالیستو بۆ ئەوەی نەچن بەلای پرۆپاگەندەی کۆمۆنیستە بەلشەفیکەکاندا، جگە لەوەی کەدەیانویست هێزێکی سیاسیی کوردی هەبێ تاکو ببێ بەکارتێکی گوشار بەدەستی بریتانیاوە لەدژی حکومەتی عیراق ئەگەر هاتو ئەو حکومەتە داخوازیو خواستەکانی بریتانیای رەت کردەوە.

ئەم کۆمەڵەیە لەرۆژی هەینی ی ٢١ی تەموزی ساڵی ١٩٢٢ دا مەزراو لەبەیاننامەی دامەزراندنی هاتبوو کە:

((لەسەر موراجەعەتی جەناب سەعادەتمان حاجی مستەفا پاشای میراوای ئەرکان حەرب موتەقاعیدو لەسەر مەئزونییەتو موساعەدەی رەسمی ی حکومەتی سیاسیی سلێمانی لەتەرەف بەعزێ ئەربابی حمیەتو ئەفازلو منەووەرانەوە، قەرار درا کە لەسلێمانی جەمعیەتێکی کورد تەشەککول بکا. بۆ ئەمە چەند رۆژێ لەمەوپێش ئەسامی عولەماو مەشایخو ئەشرافو سائیر مونەوەرانو ئەهل کەسەبە بەتەرتیب حروف هەجا داخل دەفتەر کرا[49])).

کۆنفرەنسی دامەزراندنی کۆمەڵەکە لەمزگەوتی سەید حەسەن مفتی پاش نوێژی رۆژی هەینی ی ٢١ی تەموزی ساڵی ١٩٢١ بەسترا بۆ ئەوەی کۆمەڵەکە لەئاستی گەشەکردنی گەلانی تر بێ[50]. بۆ زانینی چۆنێتی ی دامەزراندنی کۆمەڵەکە گوتەکانی یەکێ لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە دەخەینە پێش چاو کەگوتویەتی:

((...ئنجا مستەفا پاشا لەحکومەتی سیاسیی سلێمانی ئیزنی وەرگرتو لە٢١ی تەموزی ١٩٢٢ پاش نوێژی جومعە لەمزگەوتی سەید حەسەنی موفتی‌دا خەلقێکی زۆر کۆبونەوە. دەربارەی ئەم مەبەستە مستەفا پاشا وتارێکی دورو درێژی بەکوردی خوێندنەوە. دوای ئەمە بەهەڵبژاردنی نهێنی، ئەندامەکانی دامەزرێنەری کۆمەڵە هەڵبژێردران))[51]. پاش هەڵبژاردنە کەبەدەنگدانی نهێنی ئەم ناوانەی خوارەوە بونە ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەکە[52]:

١-رەفیق حیلمی: ٦٥ دەنگ.

٢-ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ: ٦٢ دەنگ.

٣-ساڵح ئەفەندی قەیتانچی(قەفتان): ٥٤ دەنگ.

٤-فایق بەگ مەعروف بەگ: ٤٥ دەنگ.

٥-حاجی ئاغا فەتحوڵڵا: ٤١ دەنگ.

٦-عیززەت بەگ عوسمان بەگ: ٣٩ دەنگ.

٧-ئەدهەم ئەفەندی یوزباشی: ٣٨ دەنگ.

٨-ئەحمەد ئەفەندی یوزباشی: ٣٦ دەنگ.

٩-شێخ محەمەد ئەفەندی کەلانی: ٣٢ دەنگ.

١٠-شێخ عەلی ئەفەندی سەرکار: ٣١ دەنگ.

١١-عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا: ٢٩ دەنگ.

١٢-عەبدوڵڵا ئەفەندی محەمەد ئەفەندی: ٢٤ دەنگ.
١٣-شوکری ئەفەندی عەلەکە: ٢٤ دەنگ.

لەکۆبو نەوەی دامەزرا ندنی کۆمە ڵەی کورد ستاندا بڕ یار درا مـ ستەفا پا شا بـ بێ بە سەرۆك رۆژنامە یەکیش بەناوی بانگی کورد ستانەوە وەك ئۆر گانی ئە ندامانو لا یەنگرانی کۆمە ڵە دەربـ چێت. سەرۆکی کۆمەڵە بوو بەخاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکەو ژمارە یەکیش پاش تێپەڕینی کەمتر لەدو هەفتە بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا، لە٢ی ئابی ١٩٢٢ دەرچوو. بەپێی ئەو دایەلۆ گەی کە لەنێوان ئە ندامی کۆمەڵە رەفیق حیلمیو ئەفسەری ئینگلیزی شاری سلێمانی کاپتن هو لت(Hult)ها تە گۆڕێ، دەردە کەوێ کەکۆمە ڵەی کورد ستان لەلا یەن ئینگلا یزەوە پـ شتگیری لێ دە کرا چونکە ئینگلیزە کان لەو کا تەدا لەو بڕوایەدا بون کەئەگەر کورد بەڕێکوپێکی داوای ما فە نەتەوەیی یەکانی خۆ یان بـکەن، بریتانـیا دەتوا نێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەناوچەکەدا بەجوانی دابین بکات[53].

لەو قۆناغەدا گروپە رادیکالو چەپەکانی کورد(کە لەژێر کاریگەریی بیری بەڵـشەفیکی سۆسیالیـست دا بون)پێ یان وا بوو هەڵ بژاردنی مـ ستەفا پا شا بۆ هەڵ بژاردنی کۆمەڵە کە وای کردوە کۆمەڵە کە بـ بێ بەکۆمەڵەیەکی کۆنەپەرست بەتایبەتی کەزۆربەی هەرە زۆری سەرانی ئەو کۆمەڵە یە بەگـو ئا غا بون، سەرباری پشتیوانیی ئینگلیز لەو کۆمەڵەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆمەڵە یە تەنا نەت پاش ئەوەش کەمستەفا پاشا لەساڵی ١٩٢٣دا چوو بۆ بەغدا، توانی خز مەتی مە سەلەی نەتەوا یەتیی کورد بـکاتو لەم بوارەدا کۆمەڵە لەساڵی ١٩٢٤دا یاداشتێکی بۆ کۆمە ڵەی گەلان ناردو تـێدا ئەوەی رەت کردەوە ویلا یەتی موسل بەتورکیاوە بلکێنرێو هەروەها باسی ئەوەشی کرد کەکوردو تورك دو نە تەوەی تەواو جـیاوازنو ئا ماژەی بەسیا سەتی شۆڤێنیـ ستیی تورکـ یاو هەوڵی تورکا ندنی کوردی دا[54]، جـ گە لەوەش هە ندێ لەئەندامەکانی کۆمەڵە لەرۆشنبیران بوون و هیچ پەیوەندییەکی عەشایەرییان نەبوو[55].

رەفیق حیلمی لەیادداشتەکانیدا رەخنەی لەکۆمە ڵەی کورد ستانو مـستەفا پا شا گرتو با سی کردووە کەسەرانو ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بەپێی پێویست چوستو چالاك نەبون بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵەیە، لەکاتێکدا هەلێکی گونجاو لەئارادا بوو بۆ ئەنجامدانی چالاکیی سیاسیو هەروەها وتو یەتی کەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە وایان کردبوو کۆمەڵەکە خزمەت بەبەرژەوە ندیی خۆ یان بـکات بەمەبە ستی وەدی هێنانی هەندێ دەستکەوتی سیاسی بۆ خۆیان[56].

رەفـیق حیـلـمی وتو یەتی کەمـستەفا پا شا لەباتی کۆبو نەوە لە گەڵ ئە ندامانی کۆمەڵە کەداو چو ست کردنی چالاکییەکانی و کارکردن بۆ بەدی هێـنانی ئاما نجەکانی، وەك ئا غای گو ند هەڵسوکەوتی دە کردو شەوو رۆژ لەگەڵ شێخ قادری برای شێخ مەحمود بەرزنجیدا بووە[57].

٢-گرتنی مستەفا یامولکی

هاوینی ١٩٢٢ ئینگلیزە کان لە سلێمانیدا لەدۆخێکی تەنگاودا بون ئەویش بەهۆی جمو جۆڵی تورکو دەست گرتنـیان بە سەر روا ندزدا کە لەو ماوە یەدا فەرما ندەی تورك عەلی شەفیق(ئۆزدەمیر)[58] دە ستی بەنواندنی چالاکیی سوپاییو سیاسی کردو پەیوە ندیی لە گەڵ سەرخێڵەکانی کورددا دامەزرا ندو لەوا نە هە ندێکیان چوونە پاڵی یەوە وەك عەباس مەحمود ئا غای پـشدەرو پاش ئەوەی کەریم فەتاح بەگی هەمەوەند ئەفسەری ئینگلیز بۆندی لەچەمچەماڵ کوشت، پەیوەندیی بەئۆزدەمیرەوە کرد.

ئیتر بەهۆی گو شاری کورد- تور کەوە ئینگلیزە کان لە٥ی ئەیلولی ١٩٢٢دا لە سلێمانی کـ شانەوە[59]. دانیشتوانی شاریش ئەنجو مەنێکیان بە سەرکردایەتیی شێخ قادر بۆ هەڵسوڕاندنی ئیـشوکاری شارەکەو پاراستنی خەڵکیو روونەدانی ئاشوبـو گێرەشێوێنی دروست کرد. ئەو ئەنجومەنەش لەمانە پێکهاتبو:

١-مستەفا پاشا یامولکی.
٢-حەمە ئاغای ئەوڕەحمان.
٣-عەبدولفەتاح چەلەبی.
٤-مەجید ئەفەندی حاجی رەسوڵ ئاغا.

٥-ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ[٦٠].

کشانەوەی ئینگلیز لەسلێمانی بوە هۆی بەرزبو نەوەی ورەی لا یەنگرانی تورك کە لەم رووەوە کەریم فەتاح بەگ لەرواندزەوە جموجۆڵی کردو بەپشتیوانیی ئوزدەمیر چوە ناو سلێمانی بەمەبە ستی کۆنترۆل کرد نی شارەکە[٦١]. کەریم فەتاح بەگو چەکدارەکانی چوونە ناو بارە گای ئەنجو مەنی گەلی سلێمانیو مستەفا پاشایان دەستگیر کردو بردیان بۆ سەرایو هەواڵێکی وایان بڵاوکردەوە کە بەنیازن بیدە نە دە ست هێزە کانی تورك کەگوا یە ئەو هێزا نەش بەڕێوەن بەرەو سلێمانی[٦٢]. شایانی با سە کەکاربەدە ستە کەمالیستەکانی تورکیا مستەفا پاشایان ناو نابوو نەمردو وەك ئاماژەمان پێدا حوکمی ئیعدامی غیابی یان بۆ دەرکردبوو، بۆیە تەسلیم کردنی بەکاربەدەستانی تورك بەمانای ئیعدام کردنی دەهات[٦٣]. د یارە کەریم فەتاح بەگ بەو هیوا یەوە بوو کەبەرامبەر بەتە سلیم کرد نی مستەفا پا شا پادا شتێکی باش وەربگر ێت چونکە مستەفا پا شا وەك ئاماژە مان پ ێدا لە سالی ١٩٢٠دا حوکمی ئیعدام کرد نی غ یابی مستەفا کەمالی دەرکردبوو.

ئەنجومەنی گەل کەئەرکی پارا ستنی ئاسایشی سلێمانیی پاش کشانەوەی ئینگلیز لەئە ستۆ گرتبوو، بڕیاریدا سنورێك بۆ پێشێلکارییەکانی کەریم فەتاح بەگو چەکدارەکانی دابنێ. ئیتر هەوادارانی ئەو ئەنجومە نە بەلێشاو رژا نە سەر بارە گای سەرایو بەزۆر مستەفا پا شایان ئازاد کردو گەیاندیا نە ماڵی خۆی[٦٤].

بەردانی مستەفا پا شا بەو شێوەیە بەو مانا یە دێ کەئە مە سەرکەوتنێکە بۆ رەهە ندی نە تەوەیی بەسەر رەهەندی عەشایەریی تەنگبینو ساغی کردەوە کەخەڵکی شاری سلێمانی دەتوانن خۆیان شارەکەی خۆ یان بەڕێوە ب بەنو بەرگری لەخۆیانو شارەکەیان بکەن ئە گەر هاتوو تورکو خێڵە کوردە کانی پشتیوانیان چونە ناو شار.

٣-دیداری نێوان مستەفا یامولکیو سمکۆ

ئیسماعیل ئاغای شکاك ناسراو بەسمکۆ لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوەو تا تیرۆرکردنی لە سەر دە ستی حکومەتی رەزا شا(١٩٢٥-١٩٤١)لەشاری شنۆ لەسالی ١٩٣٠دا، بەگەورەترین سەرکردەی کوردی ئێران دادەنرێ. سمکۆ سەرکردایەتیی بزاڤی نەتەوەییی کوردی ئێرانی کردو لەسالی ١٩١٩دا شۆڕشی لەدژی کاربەدە ستانی ئێران هەڵگیرساندو لەماوەی نێوان ١٩١٩-١٩٢٢دا دەستی بەسەر چەندین دەڤەری شاری رۆژئاوای دەریا چەی ورمێدا گرت[٦٥]. دیارە ئینگلیزەکان هەوڵیانداوە سەرکردەکانی کورد بۆ بەرژەوە ندیی خۆ یان بخە نە گەڕو بزاڤی نەتەوەییش بەپێی ئەو بەرژەوەندییا نە هەڵسوڕێنن. ئەگەر چی ئینگلیزە کان هیچ یارمەتی یەکی ماددیو مەعنەوییان بۆ کوردی ئێرانو سمکۆی سەرکردەیان پێشکەش نەکرد بەڵام دە یانزانی سمکۆ یارمەتیی سوپایی لەبزوتنەوەی کەمالیست وەردە گرێ. ئینگلیزە کان دەیانویست گرفت بۆ بزوتنەوەی نەتەوەییی تورك بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال درو ست بکەن بۆ ئەوەی وا لەو بزوتنەوە یە بکەن ب چێتە سەر رێگا یەك کەحکو مەتی بریتاذ یا گەرەك یەتیو بۆ ئەوەی ئاما نجە نەتەوەیی یەکانی سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیە پوچەڵ ببێتەوە[٦٦].

بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە کاربەدەستانی ئینگلیزی شاری سلێمانی داوایان لەمستەفا پاشا کرد بچێ بۆ کورد ستانی ئێرانو چاوی بەسمکۆ بکەوێو نەخ شەو ئا مانجی بزوتنەوە کەی لێ بزا نێ. بەپێی دۆ کۆمێنێکی بریتانی[٦٧]، مستەفا پا شا نامە یەکی بۆ عەبدول عەزیزی کوڕی نو سیوەو تیا یدا با سی سەفەرەکەی دە کا بۆ کورد ستانی رۆژ هەڵاتو چاوپێکەوتنی سمکۆ لەرێی سەید تەهاوە. دۆکۆمێنتە کە دەڵێ مستەفا پاشا لەکۆتاییی ئەیلولی سالی ١٩٢١دا سلێمانی بەجێ هێشتوەو بەیار مەتیی با بەکر ئا غای پشدەر گەیشتۆتە کورد ستانی ئێرانو بەناو چەکانی عە شیرەتی مەنگوڕدا تێپەڕیوەو پا شان لەتشرینی یەکەم دا گەیشتۆتە شاری مەهاباد. دۆکۆمێنتە کە ئا ماژە بۆ ئەوە دە کا کە چاوی بە سەید تەها نەهری کەوتوەو ئنجا هەردوکیان پێکەوە رو یان کردۆ تە لای سمکۆو بە شاری ور مێدا تێپەڕیون، دوا تر لە١٩ی تشرینی یەکەم دا چاویان بەسمکۆ کەوتوە. مستەفا پا شا لەنامەکە شیدا با سی کردوە کەقسەو باسێکی

زۆری لە گەڵ سمکۆدا ئەنجام داوە کەتیا یدا داوای لەسمکۆ کردوە نەرمی لە گەڵ حکو مەتی ئێرا ندا بنوێنێو هەوڵ بدات کورد لەزوڵمو زۆری تورك رزگار بکات.

مستەفا پا شا لەسمکۆی پر سی بۆ چی مار شیمۆنی لە ساڵی ۱۹۱۸دا کو شت لەکاتێکدا ئەم کابرا یە کابرایەکی بێ وەیو پشتیوانی کورد بوە، ئەویش لەوەڵام دا وتو یەتی کەئا شورییەکان چەکیان لەرو سیا وەرگرت بوو و بەنیاز بون بەکۆ مەکی هە ندێ لەلێپر سراوانی دەو ڵەتانی ئەوروپا دە ست بە سەر ئازەربایجاندا بگرنو هەروەها دەشیانویست دەوڵەتێك بۆ خۆیان لەبتلیسو هەکاری دروست بکەن. سمکۆ با سی کرد بوو کەمار شیمۆن خۆی با سی ئا مانجو مەرا مەکانی خۆی بۆ کردوەو داوای یارمەتیشی لێ کردوە. دۆکۆمێنتە بریتانییە کە با سی کردووە کەسمکۆ نا مەی لەکاربەدە ستانی ئێران پێ گەیی بوو جموجۆڵو ئامانجو مەرامەکانی مار شیمۆنیان تێدا پێ راگەیاندبوو و ئامۆژگاریشیان کرد بوو لەهێرشی مار شیمۆندا بۆ سەر ئێران پشتیوانی لەمار شیمۆن نەکاتو ئەگەر بشیکوژیت ئەوا بەڵێنی پادا شتو دیارییەکی زۆری پێ دەدەن[٦٨].

ئەم دۆکۆمێنتە وا لەخوێنەر دەگەیەنێ کەسمکۆ بۆ خۆ نزیك کرد نەوە لەحکو مەتی ئێران یاخو بۆ پە یداکردنی پارەو پول مار شیمۆنی کو شتوە بەڵام را ستەیەکەی ئەوە یە کەسمکۆ پەیوە ندیی لە گەڵ تورکیاشدا هەبوو و لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکی تازە دەری خستوە کەهۆی سەرەکیی کوشتنی مار شیمۆن هەو ڵدانی ئەم کابرا یە بوە بۆ درو ست کرد نی قەوارە یەکی سیا سی بۆ ئا شورییەکان لەکورد ستانی رۆژهەڵاتدا لەسەر حیسابی کوردو لەم روەوە فاکتەری نە تەوەیی نەك هەر فاکتەرێکی تر هۆی تیرۆرە دراماتیکییەکە بوە[٦٩].

کاتێك مستەفا پا شا پر سیاری لەسمکۆ کرد سەبارەت بەبونی ئا شورییەکان لەجو لەمێرگو هەکاری، سمکۆ وتی کەئەوەندەی لەتوانایدا بێ هەوڵ دەدا ئاشورییەکان نەگەڕێنەوە بۆ ناو چەکانی جاراندیان. لەم قەسەیەی سمکۆ دەردەکەوێ کەسمکۆ بۆ بەدە ست هێنانی ئەم ئاما نجە مە سەلەکەی لە گەڵ تورکەکا ندا براندبۆوەو لەگەڵیاندا رێك کەوتبوو[٧٠].

مستەفا پاشا داوای لەسمکۆ کرد هاو کاریی بریتانیا بکاتو بۆی با سکرد کەبزوتنەوەی نەتەوا یەتیی کورد بەبێ پشتگیریی یەکێ لەحکومە تەکانی ئەوروپا بەتایبەتی بریتانیای مەزن سەرکەوتوو نا بێو هەروەها داوا شی لێ کرد پەیوە ندی بەیۆنانەکا نەوە بکاتو لەدژی ناسیۆنالیستە تورکەکان کەدوژمنی راستەقینەی کوردن کار بکات. سمکۆ ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کردنی بریتانیا دەر بڕی بەو مەرجەی کەبریتانیا لەڕێی پشدەرەوە چەکی بۆ بنێرێتو ئەگەر چەکی پێ بگات دەتوا نێ تورك لەویلایە تەکانی وانو ئەرزڕۆمو هەکاریو بتلیس دەر بکاتو هەروەها هێرشیش دەکا تە سەر روا ندزو تورکی لێ ناهێڵێ. سمکۆ داوای لەمستەفا پاشا کرد بەبریتانییەکان رابگەیەنێ کەئەو ئەم بەڵێنو پەیمانانەی خۆی بەهە ند وەردەگرێو ئامادەشە کەجێبەجێیان بکات[٧١].

مستەفا پاشا لەکۆتاییی نامەکەیدا بۆ کوڕەکەی وتویەتی کەسمکۆ بەهۆی ئەو چەكو تەقەمەنییەی کە لەناسیۆنالیستە تورکەکانەوە وەری دەگرێ، پەیوەندیی پتەوی لەگەڵیاندا دامەزراندووە[٧٢].

د یارە رقی مستەفا پا شا لەناسیۆنالیستانی تورکو هاو کاریی سمکۆ لەگەڵیا ندا وای لێ کرد لەسمکۆ رەشبین بێو باوەڕی پێ نەکات، جگە لەوەی کەسمکۆ کابرا یەکی دڵڕەق بوو بڕوای بەئاگربڕ لە گەڵ ئێراندا نەبوو. نامەکە ئەوەی لێ هەڵ دەکرێنرێ کەمستەفا پا شا سەرکەوتنی بەدە ست نەهێناوە بەڵام لە گەڵ ئەوە شدا پەیوەندیی یەکی دۆ ستانەی لە گەڵ سمکۆدا دامەزرا ندو بیرو تێڕوانینی هەردوکیان سەبارەت بەبوارەکانی مەسەلەی نەتەوەیی هاوجوت بوو، وەك لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوێ.

بەگوێرەی دۆکۆمێنتەکانی بریتانیا، حکومەتی بریتانیا هەڵکەوتی سمکۆی هەڵسەنگاندبوو و دەیزا نی لەڕوداوەکا ندا رۆ ڵی خۆی هە یە، بۆ یە هەوڵ یدا بەلای خۆ یدا رایکێشێ بۆ کارکردن لەچوار چێوەی سیا سەتەکەیدا بەڵام ئا مادە نەبوو چەكو پارەی بداتێ ئەگەر چی قسەیەکیوا هە یە کەمستەفا پا شا لەگەڵ خۆیدا پارەی بۆ بردبوو[٧٣].

لەساڵی ١٩٢٢ سمکۆ کەوتە تەنگانەوەو ناچار بوو بچێتە ناو دەڤەرە کوردنشینەکانی تورکیا. سمکۆ پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ بزوتنەوەی کەمالیست دا هەبوو و کۆمەکی سوپایی لێ وەردەگرت، بۆیە بەپێشنیازەکانی مستەفا پاشا رازی نەبوو چونکە نەیدەتوانی لەدوو شەڕگەدا شەڕ بکات[٧٤].

د یداری نێوان مستەفا پاشاو سمکۆ ناسیۆنالیستە تورەکانی وروژاند چونکە وا تێگەیشتن کورد بەتەمایە شۆڕش لەباکوری کوردستان بەپشتگیری ئینگلیز هەڵگیرسێنێو لەم نەخشەیەدا سمکۆ دەچێتە باکوری کوردستانو واشیان دانا کەمستەفا پاشا لەلایەك هەماهەنگیی لەنێوان سمکۆو ئینگلیزەکاندا ساز کردووەو لەلایەکی ترەوە لەنێوان سمکۆو یۆنانەکاندا، ئەمەش بەو واتایە دەهات کەئیدی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی تورك دەکەوێتە نێوان دوو ئاگرەوە: شۆڕشی کورد لەرۆژهەڵاتداو بونی یۆنانەکان لەرۆژئاوادا.

مستەفا کەمال خێراو بەپەلەپروزێ کەوتە خۆو چەند سوارەیەکی سوپای تورکی بەنهێنی بۆ سەر سمکۆ نارد کەکتوپڕ هەڵیکوتایە سەر بارەگاکەیو لەم هێرشەدا چەندەها لایەنگری سمکۆ کوژراونو هەروەها یەکێ لەژنەکانیشی کوژرانو کوڕەکەی کەناوی خەسرەو بوو، بەدیل گیراو مستەفا کەمال وەك بارمتەو کارتێکی گوشار لەدژی سمکۆ بەکاری هێنا، جگە لەوەش خەزنەی پارەی سمکۆش بەتاڵان برا. سمکۆ لەم بەسەرهاتە رزگاری بوو بەڵام ئیدی گلۆڵەی کەوتە لێژیو خۆیشی چوو بۆ کوردستانی باشورو گەیشتە شاری رواندز[٧٥].

روداوەکانی پاشتر دەریدەخەن کەمستەفا پاشا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەسمکۆ گۆڕی ئەویش پاش ئەوەی سمکۆ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکەکاندا پچڕاندو بەهۆی ئەمەوە پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوانیاندا هاتەدیو لەو مەسەلانەدا کەپەیوەندییان بەمافە نەتەوەیی یەکانی کوردەوە هەبو، هەردوکیان راو بۆچونی لێك نزیکیان هەبوو. لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٢دا سمکۆ بۆ سەردانی سلێمانی بانگ کراو ئەم بانگ کردنە مایەی دڵخۆشیی مستەفا پاشا بوو کەزۆر هیوای بەم سەردانەوە بوو. رەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەمە کردوەو وتویەتی.

((مستەفا پاشا لەو حاڵەی کەتیای بوو چوە حاڵێکی ترەوە، زیندوو بۆوە، خۆی قیت کردەوە، بوەوە بە کوڕی چواردە ساڵ، ئەویش لەسەودایەکی ترا بوو بەهیوای ئەوە بوو کەسمکۆ شێخ مەحمود بخاتە سەر ئەو رێیەی کەخۆی هەوڵی بۆ ئەدا تورك لەرەروا ندوز دەر کردنو ئاشوب خستنە سەر کوردستانی تورکیاو شکاندنی پشتی مستەفا کەمال، سەرخستنی پرۆگرامی ئینگلیز، ئنجا ئەگەر ئینگلیز بەکەرەمو ئیحسانی خۆی بیەوێتو لەپاداشتی ئەم خزمەتەدا شتێك بەکورد بدا یا شتێکیان بۆ بکا، ئەوا هاتنە سەر جۆکی کورد بەرامبەر ئەو کەرەمو ئیحسانە))[٧٦].

٤-بەشداریی لەحکومەتی شێخ مەحموددا

ئینگلیز لەژێر گوشاری تورکو هەوڵدانیان بۆ گرتنی شاری سلێمانی ناچار بون رێ بدەن شێخ مەحمود لەهندستانەوە بگەڕێتەوە سلێمانی. شێخ مەحمود لە٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٢دا بەیاوەریی مێژەر نوئێلو ژمارەیەك لەئەفسەرانی ئینگلیزو کوردی عیراق لەوانە تۆفیق وەهبیو ئەمین رواندزیو عەزیز قەزازو سدیق پاشاو هیتر گەیشتە سلێمانی[٧٧].

رۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ حوکمداری کوردستانی شێخ مەحمود بڕیاری ژمارە ٢ی دەر کرد سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتی کوردستانو برای خۆی، شێخ قادری راسپارد حکومەت بەسەرۆکایەتیی خۆی پێکەوە بنێتو مستەفا پاشا یامولکیشی کردە رەئیسی مەعاریف( پەروەردە).جێی سەرنجە کەئەندامانی ئەو حکومەتە پێیان دەوترا(رەئیس) نەك وەزیرو لەم بارەیەشەوە بە شێخ قادر دەوترا رەئیسی رؤەسا[٧٨].

دیارە شێخ مەحمود خۆی نەیویستوە وشەی وەزارەت بۆ حکومەتەکەی بەکار بهێنێت ئەویش بەپێی ئاستی ئەو دەسەڵاتەی کەئینگلیز پێیان دابوو و هەروەها بۆ نەوروژاندنی حکومەتە عەرەبیەکەی بەغدا

بەتایبەتی کەکاتێك لەبەغدا بوو بەڵێنی لەم بارەیەوە بەمەندوبی سامیی بریتانیاو مەلیك فەیسەڵی یەکەم دابوو[٧٩].

مستەفا پاشا رەفیق حیلمی بەڕاوێژکاری خۆی هەڵبژاردو لەمەسەلەی رێکخستنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکاری لەشاری سلێمانیدا پشتی پێ بەستو خوێندنگەیەکی سەرەتایی لەسێ پۆل کرایەوەو پاشان خوێندنگەیەکی ناوەندیی دوو پۆلیی خرایە پاڵ. ئیتر ئیدارە تازەکە سەرکەوتوو بوو لەڕێکخستنی خوێندن لەدوو خوێندنگە سەرەتاییەکۆنەکەو ئەوانەی کەدوو خوێندنگە سەرەتاییەکەیان تەواو دەکرد دەچونە دو پۆلەکەی خوێندنگە ناوەندییەکەو پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن رویان دەکردە بەغدا[٨٠]. لەسەر پێشنیاری مستەفا پاشا ئەو سێ خوێندنگەیە بەناوی ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری بەرزنجییەوە ناونران‌و بەم پێیە بەخوێندنگە ناوەندییەکە دەوترا مەحمودیە، بەسێ خوێندنگە سەرەتاییەکەش دەوترا خوێندنگەی سەرەتایی قادری‌و خوێندنگەی سەرەتایی رەئوفی‌و خوێندنگەی سەرەتایی لەتیفیە[٨١].

ناونانی خوێندنگە بەناوی کەسانێك کە لەژیان دان بەتایبەتی کەیەکێکیان (واتە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود)هێشتا بەتەمەن بچوك بوو، گوزار شت لەزیرەکیی یەکی سیاسی ناکاو بەشێوەیەکی رون دەرهاوێشتەی رێبازە کلاسیکییەکەی مستەفا پاشا بوو کەدەیویست حوکمدارو رەئیسی روئەسا لەخۆی رازی بکاو لێیان نزیك ببێتەوە بەتایبەتی کەخۆی ترسی کەمالیستەکانی لەسەر بوو کەحوکمی ئیعدام کردنیان دابوو. رەئیسی مەعاریف دەیتوانی ناوی تر بۆ خوێندنگەکان پێشنیار بکات وەك بازیان، ئەزمڕ، پیرەمەگرون، سورداش یاخود عەبدولڕەحمان پاشا یاخود ئیبراهیم پاشای دامەزرێنەری شاری سلێمانی.

شایانی باسە کەمستەفا پاشا چالاکییەکی سیاسیی بەرچاوی نوا ندو لەو بۆنانەدا بەشداریی کرد کەروخسارێکی سیاسییان هەبو. لەم سەروبەندەدا مستەفا پاشا بەر لەوەی ئینگلیز لە٥ی ئەیلولی ١٩٢٢دا سلێمانی بەجێ بێڵن، داوای لێ کردن شێخ مەحمود ئازاد بکەن تاکو بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بەمەبەستی سەرخستنی ئیدارەیەکی کوردی‌و هەروەها، وەك لەمەو بەر ئاماژەمان پێ دا، پاش کشانەوەی ئینگلیز لەسلێمانی بووە ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی شارەکە[٨٢].

مستەفا پاشا بۆ پێشوازیی شێخ مەحمود پاش گەڕانەوەی لەتاراوگەوە لەهندستان سەرۆکایەتیی شاندی سلێمانیی کردو چوو بۆ کەرکوك[٨٣]. هەروەها بەشداریی لەپێشوازیی سمکۆ کرد کە لە٨ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا چوو بۆ سلێمانی‌و رەفیق حلمیی راسپارد خوێندکارەکان فێری سرودێکی تایبەت بکا بۆ بەخێرهاتن کردنی سمکۆ رابەری دێری کورد[٨٤].

لەسەرەتای ئازاری ساڵی ١٩٢٣دا شاندێکی کوردی بەسەرۆکایەتیی شێخ قادر سەردانی شاری کەرکوکی کرد بۆ بەدی هێنانی رێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکا نداو چارەسەرکردنی ناکۆکییان لەگەڵ شێخ مەحموددا. مستەفا پاشا یەکێ لەئەندامانی ئەو شاندە بوو بەڵام شاندەکە مەبەستەکانی خۆی نەپێکا چونکە فڕۆکەکانی بریتانیا لە٣ی ئازاری ١٩٢٣دا کەوتنە بۆردومان کردنی شاری سلێمانی[٨٥].

مستەفا پاشا گەڕایەوە بۆ سلێمانی‌و پەیوەندیی بەشێخ مەحمودەوە نەکرد بەڵکو لەئینگلیز نزیك بۆوە بەڵام هەلومەرجی سوپایی ئینگلیز بەو جۆرە نەبو کەبتوانن لەسلێمانیدا بمێننەوە بۆیە لەڕۆژی ١٧ی ئازاردا لەسلێمانی کشانەوەو لەو رۆژەوە مستەفا پاشاش سلێمانیی بەجێ هێشتو چوو لەبەغدا دانیشت تاکو لەساڵی ١٩٣٦دا لەوێ سەری نایەوە کۆچی دوایی کرد[٨٦].

نزیکبونەوەی شێخ مەحمود لەتورکەکان‌و کۆبونەوەی لەگەڵ ئوزدەمیرو وەرگرتنی کۆمەکی سوپایی لەتورك‌و دژایەتی کردنی ئینگلیز مستەفا پاشای بردە سەر ئەو باوەڕەی کەسیاسەتە پەیرەوکراوەکەی شێخ مەحمود خزمەت بەمەسەلەی کورد ناکات‌و ئەمەش هانی دا پەیوەندیی لەگەڵ بپچڕێنێ‌و پاشان سلێمانی بەجێ بهێڵێ‌و لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کەبەرەو بەغدا کشانەوە ئەویش روو بکاتە بەغدا.

ئەگەرچی شێخ مەحمود مستەفا پاشای بەنۆکەرو دەسوپێوەندی ئینگلیز دادەنا، ئەمەش لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤دا بۆ کەمالیستەکانی ناردبوو[٨٧] بەڵام راستییە

مێژوویی یەکان ساغیان کردۆ تەوە کەمـ ستەفا پا شا کابرا یەکی ناسیۆنالیـ ستی پاكو دڵسۆز بووەو لەم بارەیەوە هۆنراوەیەکیشی هەیە تیایدا هێرشی کردۆتە سەر هەمو ئەوا نەی مەرایی بۆ ئینگلـیزو تورك دەکەن[88].

شێخ مەحمود چاك دەیزانی کەمستەفا پاشا لەلایەنگرانی هاوکاری کرد نی ئینگلـیزە بۆ بەرژەوە ندیی کورد چونکە بریتانـیا لەو کا تەدا بەهێزترین دەو ڵەت بوو لەجیها ندا دە سەڵاتێکی سیا سیو سوپایی گەورەی هەبوو و درو ست کرد نی هەر دەو ڵەتو قەوارە یەکی سیا سی لەڕۆژ هەڵاتی ناوەڕا ستدا بەبێ ڕەزامەندیی بریتانـیا نەدەها تە دی. د یارە شێخ مەحمودیش ویـستویەتی بەدڵی کەمالیـستەکان بدویو لەخۆی رازییان بکات، بۆیە لەنامەکەیدا هێرشی کردە سەر مستەفا پاشا.

مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەتەقەللا سیاسییەکانیدا بۆ لکاندنی ویلایەتی موسل بەعیراقەوە ویستی سود لەکارتی کورد وەربگرێت بۆیە لەو کوردانە نزیك بۆوە کەدژی بزوتـنەوەی کەمالیـستەکان بونو حەزیان نەدەکرد ویلایەتی موسل بخرێتە سەر تورکیاو لەم بوارەدا چەند جار ێك لە گەڵ مـستەفا یامولکیدا کۆ بۆوەو لێرە بەدواوە پەیوەندییەکی باش لەنێوانیاندا دروست بوو[89].

سێیەم: چالاکییە کەلتورییەکانی

لەکاتی خزمەتی لەسوپای عوسمانیدا پێناچێ مستەفا پا شا هیچ چالاکییەکی رۆ شنبیریی هەبووبێ[90] چونکە نە و تارێکی بۆ رادەر بڕین بڵاوکردۆ تەوە نە هیچ هۆنراوە یەکی لەو گۆ ڤارو رۆژناما نەدا بڵاوکردۆتەوە کەکۆمەڵە کوردییەکان لەپاش کودەتا عوسمانییە کەی ساڵی ١٩٠٨ دەریا ندەکرد. هۆیە کەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کەمستەفا پاشا لەدەرباری سوڵتانەوە نزیك بوو و تەنها پاش تەواوبونی جەنگی یەکەمی جیهان ئنجا چۆتە ریزی کۆمەڵە کوردییەکانەوە.

یە کەم چالاکیی کەلتوریی مـستەفا پا شا درو ست کرد نی نەخـشەیەك بوو بۆ وڵا تی حیـجازو حە سا لەکاتی کارکردنی لە سەرۆکایەتیی ئەرکانی تیـپی سوپای حیـجاز لە ساڵی ١٨٩٠دا کە هەمو ناو چە ئیدارییەکانی هەرێمەکەی گرتبۆوە. ئەم چالاکییەش تێکەڵەیە لەکاری سوپاییو کاری کەلتوری[91]. ساڵی ١٩٢١ مستەفا پاشا گەڕایەوە بۆ سلێمانیو هاوکاریـیەکی بەر چاوی ئینگلـیزی کرد، بۆ یە حاکمی سیا سیی سلێمانی مـێژەر سۆنا[92]. نزیـکی کردەوە. سۆن کە سێك بوو با یەخی بەزمانی کوردی دەدا ئەویش بەو بەڵگەیەی کەیارمەتیی دەرکردنی رۆژنامەی((پێشکەوتن))ی دا بەزمانی کورد لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٠دا. ئەم رۆژنامەیە یەکەم رۆژنامەیە بەزمانی کوردی لەسلێمانیدا[93].

مستەفا پا شا شارەزای هەر چوار ز مانی تورکیو عەرەبیو فار سیو فەرەنـسی بوو و سەرودەریـشی لەزمانی روسیو ئینگلیزی دەردەکرد[94]. ئەم زمان زانینە مایەی کرد نەوەی ئا سۆی رۆ شنبیریی بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مستەفا پاشا بەزمانی کوردی راو بۆچونو ئامانجو ئاواتەکانی خۆی دەر بڕیو شیعریـشی پێ نوسی. مستەفا پاشا توانایەکی باشی هەبو بۆ قـسەکردن بۆ جەماوەرو پاش دامەزرا ندنی کۆمە ڵەی کورد ستان لە٢١ی تەموزی ١٩٢٢دا هەلێکی با شی بۆ هەڵـکەوت تاکو پرذ سیپو بۆ چونەکانی خۆی بڵاوبکا تەوە. ئـ یدی داوای لەحاکمی سیا سیی بریتاذ یا لە سلێمانی گۆ ڵد سمیس کرد بـ بێ بەخاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی بانگی کوردستان لە٢ی ئابی ١٩٢٢دا. لەو رۆژنامەیە چەندین وتاری بڵاوکردەوە تێـیدا بانگەشەی بۆ رابونی کورد کردو داوای لەکورد کرد بەپیر زانـستو زانیاریـیەوە بـچێ چونکە زانـستو زانیاری بەردی بناغەی پێشکەوتنی گەلا نە. وتارە کانی روخـسارێکی کلا سیکیی پـێوە د یار بوو کەتێـیدا ئامۆژگاریی کوردی دەکردو داوای دەکرد دەست بەئاینی ئیسلامەوە بگرنو کار بکەن بۆ نە تەوەی خۆ یان نەك بۆ تورك یاخود بۆ ئینگلیزو وریاشی کردنەوە کەتەفرەقەو ناتەبایی زیانیان پێ دەگەیەنێ[95].

ئەگەر لەجۆری داڕشتنی بڕیارەکانی شێخ مەحمود پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لەپاییزی ساڵی ١٩٢٢ بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کەمستەفا پاشا سەرپەرشتیی ئامادەکردنو نوسینی ئەو بڕیارا نەی دە کرد لەوانە بڕیاری ژمارە ١ی رۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢و بڕیاری ژ مارە ٢ی رۆژی ١٠ی تـشرینی یە کەمی ١٩٢٢[96] و هەروەها بڕیاری ژمارە ٣ی رۆژی ١٥ی تشرینی یە کەمی ١٩٢٢و بڕ یاری ژ مارە ٤ی رۆژی ٢١تـشرینی

یەکەمی ١٩٢٢[٩٧]. لەو بڕیارا نەدا دەستەواژەو گوزارەی بەڕەو نەق بەکار هێنراوە کە تەنها لەلای پیاوانی دەربارو لەکۆشکی پادشایان دا دێنە بەکارهێنان دیارە ئەمەش بۆ سیاسەتمەداران و دپلوما سیکاران شتێکی پێویستە.

مستەفا پاشا شیعری بەزمانی کوردی دا ناوەو بە یەکێ لەپێشەنگەکانی شیعری سیاسیی تازەی کورد دادەنرێ. ئیسلوبی لەشیعردا سادەو ساکارو رون و رۆشن بوو و گوزار شتی لەکوردا یەتی دەکرد. مستەفا پا شا لە شیعرەکانیدا بانگە شەی پێ شکەوتن و زانستو یەکریزی و پە ند وەر گرتن لە ئەزمونی گەلانی کردوەو ئیعجابی خۆی تێدا دەربڕیوە بۆ گەلی سرب کە لەپێناوی ئازادیدا زۆر تێکۆشابوو[٩٨].

یەکێ لەلێکۆڵینەوە تازەکانی بواری وێژەی کوردی لەهەندێ لە شیعرەکانی کۆڵیوەتەوەو خستویەتییە خانەی شیعری کوردایەتی[٩٩]. لەیەکێ لەشیعرەکاندا مستەفا پاشا سەرنجی کوردی بەلای گرنگیی ئازادیو سەربەستیدا راکێشاوەو بیری خستونەتەوە کەکاتی ئەوە هاتووە کورد بۆ سەربەستی کار بکات و خزمەتی ئینگلیزو تورك نەکات[١٠٠].

مستەفا پا شا هەندێ لەهۆنراوەکانی لەرۆژنامەی(بانگی کورد ستان)[١٠١] بلاو کردۆتەوەو کوڕەکەیشی، واتە عەبدولعەزیز، هەندێ لەهۆنراوەکانی تری بلاوکردۆتەوە[١٠٢]. وتارو شیعرەکانی مستەفا پا شا بۆ چونە سیاسییەکانی دەردەبڕن کەتێیدا زۆر دژی تورکە ئیتتیحادییەکان بوەو پاشان دژی کەمالیستەکانیش بوە، هەر لەبەر ئەوە داوای لەکورد کرد هاو کاریی ئینگلیز بکەن بەمەبەستی وەدەست هێنانی مافو سەربەستی[١٠٣]. مستەفا یاموڵکی و تارێکی بەزمانی کوردی هە یە بەناونیشانی((عیبرەت)) کەتێیدا باسی زو لم و زۆرو جەوری تورك دەکاو هێرش دەکاتە سەر جموجۆڵە سوپاییەکانی ئوزدەمیر لەروا ندزو ناردنی هێزی تورك بۆ دەوروبەری کۆیەو هەولێرو باسی ئەو پێشێلکارییانەش دەکا کە ئەو هێزانە لەوێ کردویانە. هەر لەو وتارەدا باسی دەکا کەروناکبیرانی کورد راستیو مەرامەکانی ئوزدەمیر تێگەیشتون و ئەوا نە بۆ رز گارکردنی گەلەکەیان لە نەزانیو ستەمو زو لم و زۆرو بەدەست هێنانی سەربەخۆیی تێدەکۆشن[١٠٤].

مستەفا پاشا لەگەڵ چەند روناکبیرێکی سەردەمی خۆی لەسلێمانی، کاری کرد وەك شێخ نوری، زەکی سائب، ئەحمەد موختار، زێوەری شاعیر، ئەحمەد فەوزی، عەبدولقادر حشمەت، ئەحمەد حەمدیو کەسانێکی تر[١٠٥] بەتایبەتی لەبواری پەرەپێدانی رۆژنامەوانیو بەکارهێنانی زمانی کوردی لەنوسین دا. بەمەش ئەم نەوەیە شوێن پەنجەی دیارە لەکردنی زمانی کوردی بەزمانی رۆشنبیریو دەربڕین و نوسین لەسلێمانیدا.

ئەگەرچی مستەفا پاشا پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لەساڵی ١٩٢١ کابرایەکی بەتەمەن بوو بەڵام توانی چالاکییەکی بەرچاو بنوێنێ، ئەویش بەو دەلیلەی کەناوبراو توانی ژمارە ١٤ی رۆژنامەی بانگی کوردستان لە٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣دا بەتاقی تەنیا دەر بکات، جگە لەوەی کەپاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٣دا بە یەکجاری لەبەغدا نیشتەجێ بوو ئیمتیازی دەرکردنی رۆژنامە یەکی تری لەبەغدا وەر گرت کەئەویشی ناو نابوو( بانگی کوردستان) کە تەنها سێ ژمارەی لێ دەر چوو[١٠٦] و لەم رۆژنامەیەدا مستەفا پا شا رۆڵێکی پێشەنگی لەنوسیندا هەبوو.

دیارە دەرکردنی رۆژنامەیەك بەزمانی کوردی لەبەغدا خزمەتێکی گەورەیە بەرۆشنبیریی کوردیو بەمەش مستەفا پا شا ویستویەتی خزمەتی گەلەکەیو زمان و رۆشنبیرییەکەی بکات. پێدەچێ ئەم رۆژنامەیە هیچ کۆمەکێکی ماددیی لەکاربەدەستانی ئینگلیز لەبەغدا وەر نەگرتبێ، بۆیە نەیتوانیوە بەردەوام بێ لەسەر دەرچون.

لەبەغدا مستەفا یاموڵکی وتارێکی بەناونیشانی(مەقسەدمان لەم جەریدە یە)بلاو کردەوە تێیدا باسی ئەو کوشتارەی جینۆسایدی کرد کەدەرهەق بەگەلی کورد کراوەو ماڵی سوتاوەو سەروەتی تالان کراوە، ئەویش بەبەر چاوی جیهانەوە کەخۆی لەئاستی ئەم تاوانانە کرو بێدەنگ کردوە. هەروەها هەر لەم وتارەدا چۆتە سەر باسکردنی خراپیی رەوشی کورد لەتورکیاو ئێران و لەکۆتاییشدا رونی کردۆتەوە

کە ئەو بۆ یە رۆژنا مەی(بانگی کورد ستان)ی دەر کردوە تاکو هەمو ئەو شتانەی تێدا بلاوبکا تەوە. کەپەیوەندیی بەکوردەوە هەیە چونکە رۆژنامەوانی ئاوێنەی ژیانی گەلانە[١٠٧].

هەروەها وتارێکی تریشی بلاو کردەوە تێداخۆشحالیی خۆی دەر بڕی سەبارەت بەبڕیاری کۆمەڵەی گەلان بۆ لکاندنی کوردستانی باشور(ویلایەتی موسل) بەعیراقەوە لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢٥دا[١٠٨]. هەر لەو وتارەدا وتویەتی کەئەمە بەمانای هاتنە کایەی حکومەتێکی عەرەبی نایە بەڵکو بەمانای هاتنە کایەی حکومەتێکی عیراقی دێ کەکوردو عەرەبو تورکمانو کلدانو ئاشورییەکانو جولەکەکان بەشداریی تێدا دەکەن[١٠٩].

کاتێك ئەم وتارەی شی دەکەینەوە دەردەکەوێ کەمستەفا یامولکی کەسێکی واقیع بین بووە، بۆیە رای خۆی سەبارەت بەئەگەری بەدی هێنانی ئاواتەکانی کورد لەڕێی بریتانیاوە گۆڕیو زانی کەئەستەمە کورد لەهەلو مەرجی ئەو زەمانەدا بەئاوات بگاتو واشی بۆ چوو کەبۆ کورد باشترەو مافی کوردە کەبەشداری لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقدا بکات.

نوسینەکانی مستەفا پاشا دەری دەخەن کەکابرایەکی دڵسۆز بوە بۆ هاوڕەگەزەکانی خۆیو لە یەکێ لەوتارەکانیدا داوای کرد پارە کۆبکرێتەوە بۆ یارمەتیدانی ئەفسەرانی کوردی ئیستانبول تاکو بتوانن بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی[١١٠]. تاکۆچی دوایی کرد، سەربەخۆیی کوردستان ئاواتی مستەفا پاشا بوو.

ئەمەش بەڕۆشنی لەم گوتەیەیدا دەردەکەوێ:

(( ئەی نیشتمان، دەترسم بمرم پێش ئەوەی سەرکەوتنت ببینم. با لە سەر گۆڕە کەم هەڵکەنن کەنیشتمانەکەم خەمبارەو منیش خەمبارم))[١١١].

مستەفا پاشا وەسیەتی کرد کە لەگۆڕستانی سەیوان لەسلێمانی بنێژرێ بۆ ئەوەی لەخاکی وڵاتدا بێو هەروەها وەسیەتی کرد کە بەکوردی تەلقین بدرێ[١١٢].

مستەفا پاشا ئەفسەرێکی بەتوانای سەرکەوتو بوو، حەزی بەدیسپلین بوو و کەیفی بەجێبەجێ کردنی یاسا دەهات بەڵام کابرایەکی خاکی نەبوو وپەیوەندیی لەگەڵ گەورە پیاوانی سلێمانیدا هەبو، بۆیە هەندێ لەنوسەران رەخنەیان لێ گرتوەو بەکابرایەکی وشك لەهەڵسوکەوتدا وەسفیان کردوەو نەیزانیوە بەجوانی قسە لەگەڵ خەڵکی سلێمانیدا بکات[١١٣]. هەروەها بەپێی دۆکۆمێنتێکی بریتانی، مستەفا پاشا کابرایەکی نهێنی پارێز نەبوەو هەڵەشەیی نواندوە بەڵام دەستپاكو چوستو چالاك بوو[١١٤]. لەگەڵ هەمو ئەم سیفاتەی مستەفا پاشاو ئەفسەرە هاوڕێکانی لەسوپای عوسمانیدا، بەڵام کابرایەکی ناسیۆنالیست بوو و تاکە مەبەستی، رزگاریو سەربەستیی کورد بوو، هەر بۆیە لەکاتی مردنیدا دەیانگوت ئەم کابرایە ئامادە بوو لەپێناوی هەتیوێکی کورددا بچێ بەگژ پاشایەکدا[١١٥].

کۆبەند

یەکەم: مستەفا پاشا یامولکی ئەفسەرێکی بەرچاوی کورد بوو، دڵسۆزانە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی کردو تا پاش کودەتا عوسمانییە کەی ساڵی ١٩٠٨ هەر بەدڵسۆزی سوڵتانی عوسمانی مایەوە. بۆیە ئیتیحادییەکان خانەنشینیان کرد بەڵام پاش جەنگی یەکەمی جیهان گەڕایەوە بۆ ناو سوپاو دیسان پشتی سوڵتانی گرت لەدژی ناسیۆنالیستە تورکیستەکانو تەنانەت حوکمی ئیعدامی غیابیی بۆ مستەفا کەمالیش دەر کرد، بۆیە ناسیۆنالیستە تورکەکان کەوتنە راوەدوونانیو بەناچارییەوە بەیارمەتیی ئینگلیزەکان لەساڵی ١٩٢١دا ئیستانبولی بەجێ هێشتو گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

دووەم: مستەفا یامولکی پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی هاوکاریی لەگەڵ ئینگلیزدا کردو کۆمەڵەی کوردستانی دروست کردو لەم بڕوایەدا بوو کەدەبێ کورد بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوەیییەکانیان ئینگلیز بەلای خۆیاندا راکێشن.

سێیەم: مستەفا پاشا یامولکی یەکێ لەروناکبیرانی سەردەمی خۆی بوو، شیعری هۆنیوەتەوەو بە یەکێ لەپێشەنگەکانی شیعری سیاسیی کورد دادەنرێ. بانگەشەی بۆ رابونی کورد دەکردو لەوتارەکانیدا کوردی هان داوە مەرجەکانی شارستانێتی بەدەست بێنن و بگەنە ئاستی گەلە پێشکەوتووەکان.

چوارەم: مستەفا یامولکی بیرێکی پارێزگارانەی هەبو بۆ یە داوای لە هەمو تو ێژەکانی کوردەواری کرد هاوکاریی یەکتری بکەن لەوانە سەرخێڵەکانو شێخەکانو ئاغاکانو خۆی لەبیروباوەڕی چەپو تو ندڕەوی بەدور راگرتو باوەڕی بەزەبروزەنگ نەبو، وای بۆ دەچو کەدەبێ کورد بەڕێو شوێنی دپلۆما سییانە داوای مافی خۆی بـ کات تەنا نەت پاش لکا ندنی ویلا یەتی مو سل بەعیرا قەوە داوای لەکورد کرد بە شداری لەحکومەتی عیراقدا بکات.

پێنجەم: مستەفا یامولکی گەلی کوردی خۆشویستووەو شانازی بەکوردبونی خۆی دە کردو بەرگریی لەهاوڕە گەزەکانی دە کردو بەزمانی کوردی و تاری بۆ رۆژنا مەی(بانگی کوردستان)نو سیو لەم روەوە لەڕیزی پێشەنگەکانە، بۆیە بەکەسێك دادەنرێ کەشایستەی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی تری لەسەر بنوسرێ.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

[1] لەدیارترین و بەرچاوترین ئەو ئەفسەرانە شەریف پاشاو ئیحسان نوری پاشاو محەمەد ئەمین زەکی بەگو تۆفیق وەهبیو ساڵح زەکی ساحبقران. بڕوانە: محمد صالح زيباري، الجنرال احسان نوري باشا- نشاطه السياسى والثقافىو العسكري، مجلة جامعة دهوك، العدد ١، آب ١٩٩٨، ص٧٣.

[2] كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد الملا عبدالكريم، ط٢، دار افاق عربية، بغداد، ١٩٨٤، ص ٣٢٦.

[3] محەمەد عەبدوڵلا کاکەسور، ڕۆڵی سیاسیو کەلتوریی ئەفسەرانی کورد لەبزاڤی کوردایەتیی کوردستانی با شوردا(١٩٢١-١٩٤٥)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٢.

[4] عەبدولعەزیز یامولکی خۆی چەند نوسینێکی هەیەو نوسینەکانی باوکیشی پاراست کەپاش کۆچی دوایی باوکی، هەموی بلاوکردەوە، هەر بۆ نمونە بڕوانە:
عبدالعزيز ياملكي، كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية(بغداد: ١٩٧٥)، کوردستانو ڕاپەڕینەکانی کورد، وەرگێڕانی شێرزاد کەریم، دەز گای چاپو پەخشی سەردەم(سلێمانی: ١٩٩٩).

[5] عەبدولعەزیز یامولکی، بنەماڵەی یامولکیو ژیاننامەی مستەفا پاشا یامولکی، ئامادەو پەراوێز بۆ کردنی: سدیق ساڵح، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە٤، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٦-٤٥. وتاری بنەماڵەی خەندان (ئامادەو پەراوێز سدیق ساڵح)، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە٥، ١٩٩٧، سلێمانی، ل٩٣-١١٩.

[6] محمد امين زكي، تاريخ السليمانية وانحائها، ترجمة محمد جميل بندي الروزبياني، شركة النشر والطباعة العراقية المحدودة(بغداد: ١٩٥١)، ص ٢٩١-٢٩٢.

[7] کەمال فوئاد، سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر(١٩٢٣-١٩٢٤) ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح( سلێمانی ٢٠٠١)، ل٣٧-٣٨. مير بـ صري، ا علام الكرد، رياض الريس للكتب والنشر(لندن: ١٩٩١)، ص ٧٠-٧٢.

[8] عەبدولعەزیز یامولکی، هەمان ژێدەر، ل٢٩.

[9] هەمان ژێدەر، ل٣٠.

[10] هەمان ژێدەر، ل٣٠.

[11] حسێن پاشای خەندان یەکێ لەگەورە پیاوانی میرنشینی بابان بوو و زۆر لەمیری بابان ئەحمەد پاشاوە نزیک بوو، لە ساڵی ١٨٥١دا پاش هەرەس هێنانی ئەو میرنشینە چوو بۆ ئیستانبول و لەوێ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم زۆر ڕێزی لێ گرتو نازناوی میرمیرانی پێ بەخ شی. بۆ زان یاریی تێروتەسەل بڕوانە: یامولکی، وتاری بنەماڵەی خەندان، ل٩٥-٩٦.

[12] بۆ زانیاریی تێروتەسەل بڕوانە: یامولکی، وتاری بنەماڵەی خەندان، ل ٩٥-٩٦.

[13] عەبدولعەزیز یامولکی، بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، پەراوێزو نوسین محەمەد ڕەسول هاوار، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە٢٨، ١٩٩٦، ل١٦.

[14] هەمان ژێدەر، ل١٦-١٧.

[15] محەمەد مەردۆخ بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی دیوەو لەکتێبەکەیدا تۆماری کردووەو باسی کردوە کەخۆیو باوکی لەڕۆژی ١٢ی سەفەری ساڵی ١٣١٤ی کۆچیی بەرامبەر بە٢٣ی تەموزی ١٨٩٦دا دەچون بۆ نوێژی هەینی لەمز گەوتی شاری سنەو لەو ێدا بی نی ئەمینولئیسلام مەلا عەبدولرەزاق لەمزگەوت دێتە دەرێو بەرماڵەکەشی پێیە چونکە نەیدەویست لەنوێژکردندا پێشنوێژەکەی هەرزەکارێک بێ، ئنجار دوا ی ئەم، کۆمەڵە نوێژکەرێکی تریش هاتنە دەرێو لەوێ نوێژیان نەکرد پاشان گەڕانەوەو هەمویان خەنجەریان بەدەستەوە بوو و لەلای مینبەرەکەدا پەلاماری محەمەد مەردۆخو باوکییان دا تاکو بیانکوژن بەڵام خەڵکەکە نەیهێشت. بڕیار وابوو باوکی محەمەد مەردۆخ پێشنوێژییەکە بکا بەڵام سەدرولشەریعە مەلا عەلی تەقی لەکاتی نوێژدا پەلاماری دانو ئەوانیش ناچار هەڵهاتنو خۆیان لەژورێ نا بەڵام لەوێش پیاوە تووڕەکان هێر شیان بردە سەریانو ئەگەر مستەفا پاشاو پیاوەکانی لەو کاتەدا دەرنەکەوتنایە هەلا هەلایان دەکردن، ئیدی مستەفا پاشا توانی بلاوە بەخەڵکەکە بکا. محەمەد مەردۆخ باسی دەکا کەوالی لەبەر هەلومەرجی گرژی ئەوسای ئێران بەهۆی کوژرانی شا ناسرەددین(١٨٤٨-١٨٩٠) خۆی تێ هەڵنەقورتاندو وازی لێ هێنان بۆ زانیاریی تێروتەسەل بچۆرەوە سەر:
ايت الله شيخ محمد مردۆخ، تاريخ مردوخ- تاريخ كردوكردستان، چاپ دوم، تهران، ١٣٥١ش، ج١، ل٢٢٧-٢٢٨.

[16] ئاژاوەیەك لەشاری سنە ڕویدا بەهۆیەوە چەند پیاوێك كوژرانو كوردە سوننەكان دەوری سەرای شارەکەیان داو وال یی شارەکە حو سامولمولكو كورەكەی ئیحتیشامولدەولەو ژنی شا موزەففەرەددینو كچەكەی، قەمەرولسەلتەنە، پەنایان بردە بەر ماڵی مستەفا پاشا یامولكی بۆ رز گاربون ئەویش داڵدەی دانو ڕەنجێكی زۆریدا تا لەئاخرییەكەیدا ئاژاوەكەی ڕاماڵیو ژنو كچی شای ڕزگار كرد. بۆ زانیاریی تر بڕوانە:
یامولکی، بنەماڵەی یامولکی، پەراوێزی ٤٤، ٤٥، ل٤٠-٤١و ل٣١.

[17] هەمان ژێدەر، ل٣١. محمد امين زكي، المصدر السابق، ص٢٩١.

[18] یامولکی، بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی، بنەماڵە یامولکی، ل٣٢، محمد امين زكي، ل٢٩١.

[19] یامولکی، بنەماڵەی یامولکی، ل٣٢. بیرەوەرەییەکانی عەبدولعەزیز، ل١٦.

[20] بۆ زانیاریی پتر دەربارەی ئیتتیحادییەکانو بزوتنەوەی مەحمود شەوکەت پاشا بڕوانە:
احمد عبدالرحيم مصطفى، في اصول التاريخ العثماني، دار الشرق، القاهرة، ١٩٨٢، ص٢٦٣ وما بعدها.

[21] یامولکی، بنەماڵەی یامولکی، ل٣٢.

[22] لەئیستانبول لەساڵی ١٩١١ دامەزراو لەهەمان ساڵدا پاش ئەنجامدانی بزاڤێکی سوپایی توانی دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەم حزبە هەمو ئەوانەی لەخۆ کۆ کردبۆوە کەدژی سیاسەتی ئیتتحادو تەرەقی بوون. بڕوانە: مصطفى، في اصول التاريخ العثماني، ص٢٧٥-٢٧٦.

[23] یامولکی، هەمان ژێدەر، ل٣٢.

[24] لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩١٦دا ئیتتیحادییەکان زیاد لەیەك ملیۆن ئەرمەنیان کوشت. بۆ زانیاریی تێروتەسەل بڕوانە: احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ص ٢٥٣ وما بعدها.

[25] داماد وشەیەکی تورکییە بەمانای زاوای سوڵتان.

[26] بەبزوتنەوەی نەتەوەیی تازەی تورك لەپاش جەنگی یەكەمی جیهان وتراوە بزوتنەوەی كەمالیست چونكە مستەفا كەمال ڕابەری بزوتنەوەكە بوە لەئەناتۆلیاو توانی توركیای مۆدێرن دابمەزرێنێ. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: احمد نوري النعيمي، الحياة السياسية في تركيا الحديثة، دار الحرية، بغداد، ١٩٩٠، ص١١ وما بعدها.

[٢٧] بصري، ص٧٢.

[٢٨] احمد عثمان ابوبكر، كردستان في عهد السلام، مجلة الثقافة، العدد ٨-٩(بغداد: ١٩٨٢)، ص ٤١. هەروەها بڕوانە: عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط ٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، مطبعة الانتصار، بغداد، ١٩٨٥، ص١٤٤.

[٢٩] عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتارو سیروان بەکر سامی، پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی(١٩٢٠-١٩٢٢)، ژمارە ٧٦-٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل٣٤٦.

[٣٠] ئەحمەد خواجە، چیم دی، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨٦، ج١، ل٩٢. هەروەها بڕوانە: ابوبكر، المصدر السابق، ص٤١-٤٢.

[٣١] زكي، ص٢٩٢. بصري، ص٧١.

[٣٢] یامولکی، بنەماڵەی یامولکی، ل٣١.

[٣٣] محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، گۆڤاری ژین، ژمارە ٢٢، ئیستانبول، ١٩١٩.

[٣٤] ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٩١٩دا لەئیستانبول بۆ پارێزگاری کردن لەمافی ژنانی کورد دروست بوە. بڕوانە: عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، دار الحرية، بغداد، ١٩٨٩، ص٤٦ وما بعدها.

[٣٥] روهات ئالاكوم، شريف باشا السنوات العاصفة لدبلوماسي كردي، ترجمة شكور مصطفى، دار سپيرێز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٤، ص٢١

[٣٦] ئەم ڕێکخراوە لەئیستانبول لە١٩/٩/١٩٠٨ دامەزرا. بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە: عەلی تەتەر تۆفیق، ژیانا سیاسی ل کوردستانێ، دەزگەهێ سپیرێز، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٨٥.

[٣٧] . حسرتيان، المسألة الكردية بعد الحرب العالمية الاولى ١٩١٨-١٩٢٣، فی: جليلی جليل واخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة عبدي حاجی، دار الرازی، بيروت، ١٩٩٢، ص١٠٣ وما بعدها. تۆفیق، ل١١٩، هەروەها سەبارەت بە ئەندامانی ڕێکخراوەکە بنوارە:
بلەج شيركوه، القضية الكردية- ماضي الكرد وحاضرهم، جمعية خويبون الكردية الوطنية- النشرة الخامسة، رابطة كاوا للثقافة الكردية، دار الكاتب، بيروت، ١٩٨٥، ص٦٤-٦٥.

[٣٨] بصري، ص ٧٢.

[٣٩] عبدالرحمن النقشبندي، خطوط عريضة لحياة المرحوم محمد نوري الديرسمی، مجلة كاروان، العدد ٣٧، بغداد، ١٩٨٥، ص١٢٠. هەروەها بڕوانە: ماليسانز، القومية الكردية والدكتور عبدالله جودت، ترجمة شكور مصطفى، دار ئاراس، اربيل، ٢٠٠٠، ص٧٩.

[٤٠] مسألة كردستان، ط٢، تنقيح وتقديم عزالدين مصطفى رسول، بيروت، ١٩٩٧، ص٧٠.

[٤١] ئەم کۆمەڵەیە لەئیستانبول لەساڵی ١٩٢٠ دامەزراو ئەوەی دایمەزراند ئەمین عالی بەدرخانو هاوڕێکانی بون کەدژی سیاسەتی شێخ عەبدولقادر نەهریی سەرۆکی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بوو کەداوای دەکرد پشتگیریی تورك بکرێو لەدژیان نەوەستنو داوای ئۆتۆنۆمیی لەچوار چێوەی تورکیا دەکرد. بۆ زانیاریی تێروتەسەلتر بنوارە: منذر الموصلي، الحياة السياسية والحزبية في كردستان، رياض الريس للكتب والنشر، لندن، ١٩٩١، ص٢٥٧-٢٥٨.

[٤٢] ابوبكر، ص٤١-٤٢، الحاج، ص١٤٤.

[٤٣] حسێن ئەحمەد جافو حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی، یاداشتەکانی مێژەر نوئێل، چاپخانەی حوسام، بەغدا، ١٩٨٤، ل٦٦و دواتر. حسرتيان، المصدر السابق، ص١٠٦-١٠٧.

[٤٤] خواجە، ب١، ل٩٢. دەربارەی داداگایی کردنی مستەفا کەمالو دەرکردنی حوکمی ئیعدام لەدژی، بڕوانە: مصطفى زين، ذئب الاناضول، رياض الريس للكتب والنشر، لندن، ١٩٩١، ص١٣٠.

[٤٥] ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی سێیەم، ئامادەکردنو لێکۆڵینەوەو پیاچونەوەی پاکیزە ڕەفیق حیلمی، بەغدا، ٢٠٠٣، ل١٧.

[٤٦] هەمان ژێدەر، ل١٧-١٨.

[٤٧] خواجە، ب١، ل١٩٣.

[٤٨] یاسای پێکهێنانی کۆمەڵەکان لە٢ی تەموزی ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عیراقەوە دەرچوو. بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط٦، مركز الابجدية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٢، ج١، ص١١٥. بەڵام لەو کاتەدا سلێمانی سەر بە بەغدا نەبوو، بۆیە دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردستان لەژێر کاریگەریی ئەو یاسایەدا نەبوو. بۆ زانیاریی دیکە دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە بڕوانە: کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، چاپخانەی ئەدیب، بەغدا، ١٩٨٥، ب١، ل ٤٧.

[٤٩] ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ژمارە١، ٢ی ئابی ١٩٢٢، کۆکردنەوەو لەسەر نوسینی جەمال خەزنەدار، دار الحرية للطباعةو النشر، بەغدا، ١٩٧٤، ل٣٧.

[٥٠] بانگی کوردستان، ژمارە ٢ی ئابی ١٩٢٢، ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، دار الحرية للطباعة والنشر، بەغدا، ١٩٨٩، ل١٠٣.

[٥١] ڕەفیق حیلمي، ب٣، ل١٥.

[٥٢] هەمان ژێدەر، ل١٥، بانگی کوردستان، ژمارە(١)٢ی ئابی. ١٩٢٢، ل٣٨، خواجە، ب١، ل٩٢-٩٣.

[٥٣] بۆ بەدەست هێنانی زانیاریی زۆرتر بڕوانە: فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعیراقدا وەرگێڕانی تاریق کارێزیو عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر: ٢٠٠١)، ل٨٦-٨٩.

[٥٤] فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية الانكليزية التركية وفي الرأى العام، ط٣، مطبعة اشبيلية، (بغداد: ١٩٧٧)، ص ٢٣٠.

[٥٥] ابراهيم خليل احمد، ولاية الموصل- دراسة في تطوراتها السياسية ١٩٠٨-١٩٢٢، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الآداب- جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٧٥)، ٥٨٠.

[٥٦] یادداشت، ب٣، ل٢٦.

[٥٧] هەمان ژێدەر، ل٢٧.

[٥٨] ئەفسەرێکی چەرکەسی بەڕیشە میسرییە. بڕوانە: حسين، مشكلة الموصل، ص١٣١.

[٥٩] ادموندز سی، جی، كردو ترك عرب، ترجمة جرجيس فتح الله، مطبعة التآخی، (بغداد: ١٩٧١)، ص٣٠٢.

[٦٠] حلمی، ب٣، ل١٤،٢٤، رمزي قەزاز، بزوتنەوەی سیاسی ڕۆشنبیری کورد لەکۆتایی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، (سلێمانی: ١٩٧١)، ل٢٠٨.

[٦١] حلمی، ب٣، ل٢٤.

[٦٢] هەمان ژێدەر، ب٣، ل٢٥.

[٦٣] هەمان ژێدەر، ب٣، ل٢٥.

٦٤ هەمان ژێدەر، ل٢٥.
٦٥ هەمان ژێدەر، ل٢٥.
٦٦ كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، مطبعة أركان(بغداد:١٩٨٥)، ص٢٤٩ وما بعدها.
٦٧ بۆ زانیاریی تێروتەسەل سەبارەت بەپەیوەندیی سمكۆ بەتورك‌و ئینگلیزەوە بڕوانە: سروه اسعد صابر، كردستان من الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٢٦، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠١، ص٢١٧ ومابعدها.
٦٨ ئەم دۆكۆمێنتە تەرجەمەی زمانی عەرەبی كراوەو بڵاویش كراوەتەوە. بڕوانە ئازاد گەرمیانی، مصطفى باشا ياملكي في لقاء تاريخي مع سمكو، مجلة راية الاسلام، العدد٢، ماليزيا، ١٩٩٦، ص٤٤-٥٢.
٦٩ بۆ زانیاریی تێروتەسەل دەربارەی كوژرانی مار شیمۆن بڕوانە: ياسين خالد سردشتي. صفحات من تاريخ آثوريي كوردستان ابان الحرب العالمية الاولى، مطبعة خبات، (دهوك: ١٩٩٩)، ص٢٦وما بعدها.
٧٠ گەرمیانی، هەمان ژێدەر، ل٤٦.
٧١ هەمان ژێدەر، ص٤٦.
٧٢ هەمان ژێدەر، ل٤٨.
٧٣ هەمان ژێدەر، ص٥٠.
٧٤ الحاج، ص١٨٠.
٧٥ رەفیق حیلمی، ل٢٠.
٧٦ هەمان ژێدەر، ل٢٠.
٧٧ هەمان ژێدەر، ل٤٩.
٧٨ شاكرو محويان، الحركة الكردية في كردستان الجنوبية في: جليلي جليل وآخرون المصدر السابق، ص١٢٧-١٢٨، صابر، كوردستان، ص٢٤٢؛ حيلمي، ب٣، ٢٩.
٧٩ بانگی كوردستان، ژمارە ١٠، ١٥تشرين الاول ١٩٢٢؛ خواجة، چيم دى، ب١، ل١٦٦؛ حیلمی، ب٣، ل٣٣.
٨٠ صابر، كوردستان، ص٢٤٢؛ لطفى جعفر فرج، عبدالمحسن السعدون ودوره في تاريخ العراق السياسى المعاصر،(الكويت: ١٩٧٨)، ص١٠٢-١٠٣، شێخ لەتیف، یادداشتەكانی شێخ لەتیفی حەفید، كمال نوری مەعروف ساغی كردۆتەوە، لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی ناوەندی رۆشنبیریو راگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان، ١٩٩٥، ل٨٥.
٨١ حیلمی، ب٣،ل٣٧.
٨٢ خواجە، ب١، ل١٢١-١٢٢؛ حیلمی، ب٣، ل٣٨.
٨٣ لەتیف، ل٨٣، ٨٤.
٨٤ حیلمی، ب٣، ل٢٨.
٨٥ هەمان ژێدەر، ل٢٨،
٨٦ فواد، ل٣٨ منتشاشفيلى العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة هاشم صالح التكريتي،(بغداد: ١٩٧٨)، ص٣٢٥
٨٧ كەمال مەزهەر،(نامەیەكی شێخ مەحمود بۆ كەمالیەكان)، گۆڤاری رەنگین ژمارە(١٠٧) ١٩٩٧، ل١٠٧.
٨٨ بانگی كوردستان، ژمارە ٢٢/٢ أيلول ١٩٢٢، ل٢ كاكە سور، رۆڵی سیاسی..، ل ٥٦.
٨٩ قاسم خلف عاصي الجميلي، العراق والحركة الكمالية ١٩١٩- ١٩٢٣، رسالة دكتوراه، غير منشورة، مقدمة لكلية الآداب- جامعة بغداد، (بغداد ١٩٩٠)، ص١٧٤.
٩٠ جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين، نقله عن الروسية: باڤێ نازێ ود. ولاتو كدر، دار الكاتب، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت ١٩٨٥.
٩١ بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١٣.
٩٢ خواجة، ب١، ل٩٢، كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، (بغداد: ١٩٧٨)، ص ١٤٠.
٩٣ یەكەم ژمارەی رۆژنامەی(پێشكەوتن)لە٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ دەرچو. بڕوانە: عەتار- سامی، ژێدەری پێشو، ل٤٣.
٩٤ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ملاحظات تاريخية دراسات اولية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر،(اربيل: ٢٠٠١)، ص٤١.
٩٥ بۆ نمونە بڕوانە: بانگی كوردستان ژمارە ٥، ٩، ١٩٢٢؛ ژمارە ١١، ٢٠/١٠/١٩٢٢؛ ژمارە ١٤، ٨/٦/١٩٢٣.
٩٦ بانگی كوردستان، ژمارە ١٠، ١٥/١٠/١٩٢٢.
٩٧ هەمان ژێدەر، ژمارە ١٢، ٢٧/١٠/١٩٢٢.
٩٨ عبدالعزيز یامولكی، كوردستان وراپەرینەكانی كورد، وەرگێڕ: شێرزاد كەریم، چاپو پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ١٩٩٩)، ل٨٥.
٩٩ عبدالله ئاگرین، شیعری سیاسی كوردی لەباشوری كوردستان١٩١٨-١٩٣٠، (اربیل: ١٩٩٦)، ل٣٩
١٠٠ مصطفى باشا، بانگی كوردستان، ژمارە ٧، ٢٢/٩/١٩٢٢.
١٠١ بۆ نموونە تەماشای هەمان ژێدەر بكە: ژمارە١، ٨/١٩٢٢؛ ژمارە ٤، ٢٨/٨/١٩٢٢؛ ژمارە ٧/٢٢-٩-١٩٢٢.
١٠٢ هەندێ لەمەتروكاتی مستەفا باشا یاملكی، دار المعرفة، (بغداد: ١٩٥٦)، ل٦.
١٠٣ عومەر، رۆژنامەگەری، ل٨٧.
١٠٤ بانگی كوردستان، ژمارە(١١)، ٢٠-١٠-١٩٢٢.
١٠٥ عبدالرزاق بیمار، رۆژنامەنووس‌و، سیاسەت‌و ئەدەب مستەفا پاشای یاملكی،گۆڤاری رۆژی كوردستان، ژمارە ٥٩ ئەیار-حزیران ١٩٨٠، ل ٢٢-٣٣.
١٠٦ ژمارە ١٤-١، ٢٨-١-١٠٢٦؛ ژمارە ١٤-٢، ١٥-٢-١٩٢٦؛ ژمارە ١٤-٣، ١-٤-١٩٢٦.
١٠٧ بانگی كردستان، ژمارە ١٤-١، ٢٨-١-١٩٢٦.
١٠٨ لونگریگ، العراق الحديث ١٩٠٠-١٩٥٠، ترجمة سليم طه التكريتي، ط٣، (بغداد: ١٩٨٨) ج١، ص٢٥٤-٢٥٥.
١٠٩ بانگی كردستان، ژمارە ١٤-١، ٢٨-١-١٩٢٢.
١١٠ بانگی كردستان، ژمارە ٤، ٢٨-٨-١٩٢٢.

[111] فؤاد و صالح، ل٣٦؛ بصرى، ص ٧١.
[112] فؤاد و صالح، ل٣٦.
[113] كاكه سوور، ل٥٢.
[114] ابوبكر، ص٤١؛ الحاج، ص ١٤٤.
[115] بصرى، ص٧١.